Mamosta Journal for Pedagogical Sciences and Teacher Education (MamostaJ)
DOI: https://doi.org/10.21271/mj.1.2.4

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Bekhaltofiq85@gmail. com
Bekhal Tawfeeq Baker

# کاریگەری فێرکردنی هاوبەش لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای قوتابییانی پۆلی حەفتەمی بنەڕەتی

RECEIVED:21/05/2025
ACCEPTED:19/07/2025
PUBLISHED:25/12/2025

**بێخاڵ توفیق بکر/** بەشی زانستە گشتییەکان، کۆلێژی پەروەدەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**وعد محمدنجاة صبری/** بەشی زانستە گشتییەکان، کۆلێژی پەروەدەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**وشە سەرەکییەکان:**
کاریگەری فێرکردنی هاوبەش،
پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە،
قوتابیانی حەفتەمی بنەڕەتی.

## پوختە

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی کاریگەریی فێرکردنی هاوبەشە لەسەر فێرخوازانی کچ لە پۆلی حەفتەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانست بۆ هەمووان و پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. بۆ دڵنیابوون لە ئامانجی توێژینەوەکە گریمانەی سفری دانران بۆ بەراوردکردنی نێوان کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵ لە تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. توێژینەوەکە سنووردار کراوە لە قوتابخانەکانی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ - ٢٠٢٥). توێژەر پشتی بەستووە بە نەخشەسازی ئەزموونی بۆ هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵ)، کۆمەڵەی ئەزموونی بە شێوازی فێرکردنی هاوبەش وانەیان خوێندووە و کۆمەڵەی کۆنترۆڵ بە شێوازی ئاسایی. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٦٨) فێرخوازی کچ، دابەشکران بۆ (٣٣) فێرخواز بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی و (٣٥) فێرخواز بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵ، هەردوو کۆمەڵ هاوتاکران لە چەندین گۆڕاوی وەک (تەمەن بە مانگ، پلەی زیرەکی، کۆنمرەی فێرخوازان بۆ ساڵی پێشوو، نمرەی فێرخوازان لە بابەتی زانست بۆ هەمووان بۆ پۆلی شەشەم، و ئاستی خوێندنی دایک و باوک). توێژەر تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی ئامادەکرد، کە (٢٩) برگە بوو بە سێ بژاردەی وەڵام. دڵنیایی کرا لە ڕاستی و جێگیری تاقیکردنەوەکە و توانای جیاکردنەوەی برگەکانیان. توێژەر چەندین پلانی وانەوتنەوەی ئامادەکرد بۆ هەردوو کۆمەڵ توێژینەوەکە لە (٢٠٢٤/١٠/٢٣) دەستی پێکرد و تا (٢٠٢٤/١٢/٢٣) بەردەوام بوو. لە کۆتایی توێژینەوەکە، توێژەر بە هاوکاری مامۆستایانی قوتابخانە تاقیکردنەوەکەی لەسەر ئەندامانی نموونەی سەرەکی جێبەجێکرد، داتاکانی کۆکردەوە و بە شێوەیەکی ئاماری شیکردەوە بە بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییە گونجاوەکان لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماری SPSS، ئەنجامەکان دەریانخست جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو هەیە لەنێوان تێکڕای نمرەی هەردوو کۆمەڵ لە پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونییە. لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا، چەند دەرەنجام، ڕاسپاردە و پێشنیار بۆ توێژینەوەی داهاتوو خرانەڕوو.

## ١- ناساندنی توێژینەوە:A research introduction

### ١-١ کێشەی توێژینەوە( Problem of the Research )

بەپێی بۆچوونی (Garlash & Wiley) پرۆسەی فێرکردن لەناو پۆل سیستەمێکی لێکبەستراوە هەموو لایەنەکان بەیەکەوە کاردەکەن، بوونی هەر کەموکورییەک لە هەر لایەنێک سەر هەڵبدات کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر پرۆسەی گشتی (عزیز، ٢٠١٨، ل٦٥).

ئەو گرفتانە لەنێو فێرخوازان هۆکارێکی دیارن بەهۆی نەبوونی بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ چارەسەری کێشەکان لەلای فێرخواز. فێرکردنی کارامەییە جۆراوجۆرەکانی بیرکردنەوە، لە ڕێگەی تێکەڵکردنی لەگەڵ ناوەڕۆکی خوێندن، وادەکات فێرخواز لە کاتی پرسیارکردن کارامەیەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەکاربهێنێت. لە کاتی گفتوگۆ و پرسیار هەوڵدەدات شیکاری بکات، ڕەخنەبگرێت و دەرئەنجامی دەست بکەوێت، توانای بڕیاری یەکلاکەرەوەی هەبێت، کە بنەمای سەرەکی بونیادنانی مەعرفییە، ئەمەش لە کاتی تاقیکردنەوەکان هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی فێرخواز لە ناوەندەکانی خوێندن (حسن، ٢٠١٨، ل٤).

لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەتایبەت ئەمریکا، ئەوانەی گرنگی بە پەروەردە دەدەن دەستیان کردووە بە جەختکردنەوە لەسەر گرنگی بیرکردنەوە و داوای پێداچوونەوە دەکەن بە سیستەمی فێرکردن لە قوتابخانەکان بۆ پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوە لای فێرخوازان (السرور، ٢٠٠٥، ل١٨).

کێشەی توێژینەوەکەمان لەوەدایە، کە ڕەنگە پرۆسەی پەروەردەیی تەقلیدی دەرفەتی پێویست بۆ کارلێککردن و کاردانەوە و بەشداریکردنی کاریگەر بۆ فێرخوازان نەڕەخسێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی ئەکادیمی و لاوازی توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە کە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەمانە. تێبینی دەکرێت کە فێرخوازان لە پۆلی حەفتەمدا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە زۆر لایەن بە هۆی ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر فێرخوازدا دێت لە گواستنەوەی لە قۆناغی سەرەتاییەوە بۆ قۆناغی بنەڕەتی، ئەمە جگە لەو گۆڕانکارییەی بەسەری دیت لە ڕووی تەمەنەوە. بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە کاریگەری بەکارهێنانی شێوازی فێرکردنی هاوبەشە لە پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەنێو فێرخوازاندا بە پەیڕەوکردنی شێوازی وانەگوتنەوەی سەردەمیانە. کەواتا کێشەی سەرەکی خۆی لەم خاڵەدا دەبینێتەوە:

*فێرکردنی هاوبەش لە وانەوتنەوە چۆن کاریگەریی لەسەر توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی خوێندکارانی پۆلی حەفتەم لە زانستدا هەیە؟

### ١-٢ گرنگی توێژینەوەکە (Important of the Research)

پەروەردە پرۆسەیەکی گەشەپێدانی کەسایەتی مرۆڤە بە هەموو لایەنەکانییەوە (جەستەیی، ڕۆحی، عەقڵی و سۆزداری) بۆ بەهێزکردنی گەشەی فێرخواز لە هەموو بوارەکاندا. پەروەردە ژیانە بە مانا قووڵەکەی، کە لە دروستبوونی کۆرپەلەوە دەست پێدەکات و تا کۆتایی ژیان بەردەوام دەبێت و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە لە کۆمەڵگەدا دەگوازرێتەوە (التميمي، ٢٠٠٩، ل٢٧٢ ). پەروەردە ئەرکی ئەوەیە یارمەتی فێرخوازان بدات تواناکانی خۆی بدۆزێتەوە و فێری بکات چۆن ئەو تواناییانە لەگەڵ ژینگەی خۆی بگونجێنێت. پەروەردە پرۆسەیەکی فراوان و ئاڵۆزە، پەیوەندی دووسەرەی (دوولایەنی) نێوان فێرخواز و ژینگەکەی دەگرێتەوە - واتە وەرگرتن و بەخشین لەنێوانیاندا (الجعافرة، ٢٠١٣، ل٣٥). گرتنەبەری شێوازی فێرکردنی داهێنەرانە بووەتە پێویستییەکی بەپەلە هاوشانبێت لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو سەردەمەدا. تاکو گرینگی بە بەشداریکردنی چالاکانەی فێرخوازان بدرێت لە پرۆسەی پەروەردەدا لە ڕێگەی کارلێککردن و گفتوگۆکردنەوە. شارەزابوونی ماموستایان لە ڕێگەکان و شێوازە مۆدێرنەکانی وانەوتنەوە و فیرکردندا، یارمەتی دەردەبێت بۆ زانین و دیاریکردنی دۆخی وانەوتنەوەی گونجاو و سودبەخش، ئەمەش وادەکات لە کاتی پراکتیزە کردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بۆ فێرخوازان چێژ بەخش بێت و لەگەڵ تواناکانیاندا گونجاو بێت، سەرباری ئەمەش وا دەکات فێرخواز پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەبێت بە ژیانی ڕۆژانەیەوە و تێڕوانینی بۆ ئاینده (المرعي و الحيلة، ٢٠٠٧،

ل٢٥) فێرکردنی بابەتی زانستەکان لە سەردەمی ئێستادا، بەتایبەت لەسەر ئاستی جیهانی، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەخۆیەوە دەبینێت بۆ بەرەوپێشچوون لەگەڵ سەردەم، ئەمەش لە سروشتی بابەتەکە خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە پێکهاتەیەکی تایبەتی هەیە جیای دەکاتەوە لە سروشتی بابەتەکانی تر. بابەتی زانست تایبەتمەندی ئەوەی هەیە وێنە و هێڵکاری ڕوونکەرەوەی تێدایە، بە ئامرازی فێرکاری دادەنرێن کە دەرەنجامی پەروەردەیی باشیان هەیە (عطاالله، ٢٠١٠، ل ٥٦). گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە لە کاتی گەڕان و پشکنین لە ئەدەبیاتی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا بۆمان دەرکەوت پێشەنگە لە ئاستی ناوخۆیی و پەروەردەییدا، چونکە لە پێشوودا ئەم توێژینەوە نەکرایە. توێژینەوەکە گرنگی بە لایەنی دەروونی فێرکردن دەدات و هەوڵ دەدات پلانێکی پراکتیکی بخاتە بەردەستی مامۆستایان لە ڕێگەیەوە بتوانن هەم قوتابی ئاسایی و هەم ئەوانەی گرفتی فێربوونیان هەیە یارمەتی بدەن. ئەمەش لە کۆتاییدا بەرهەمێکی باشتر دەخاتەوە، کە تەواو جێگەی متمانەیە لەسەر فێربوونی قووڵ بونیاد نراوە، نەک لەبەرکردنی کاتی، هەروەها ڕێگە خۆش دەکات بۆ بەکارهێنانی شێوازی مۆدێرن لە وانەوتنەوەدا و هەڵسەنگاندنی بۆچوونی مامۆستایان لەسەر فێرکردنی هاوبەش. بەم جۆرە توژینەوەکانی (Gokhale ، ١٩٩٥) ئاماژە بەوە دەکەن، فێربوونی هاوبەش بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ئەدای ئەکادیمی بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر دەکات. لە توێژینەوەکەیدا، ئەو فێرخوازانەی لە تیمە هاوبەشەکاندا بەشداربوون ئاستی بیرکردنەوەیەکی بەرزتریان نیشانداوە و زانیارییەکانیان بۆ ماوەیەکی زیاتر لە چاو ئەوانەی بە تاک کاردەکەن لەهزردا ماوەتەوە (Gokhale، ١٩٩٥، ل٢٢-٣٠)، هەروەها ژمارەیەک لە توێژەرانەوە بۆ نموونە (Kelly, 2011) دەڵێت بەکارهێنانی فێرکردنی هاوبەش یەکێکە لە ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە، کە کاریگەری خۆی سەلماندووە ئەگەر بە شێوەیەکی گونجاو جێبەجێ بکرێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە هاتووە لەسەر بنەمای ئەو ڕاسپاردانەی (Kelly, 2011) لە توێژینەوەکەیدا پێشکەشی کردووە، داوای کردووە پێویستە لێکۆڵینەوەی داهاتوو ئەنجام بدرێت سەبارەت بە بەکارهێنانی مامۆستایان بۆ ستراتیژی فێرکردنی هاوبەش ئەنجامی باشی دەبێت بۆ هەموو بابەتەکانی تر.

### ١-٣ ئامانجی توێژینەوە( The Aim of Research )

هەڵسەنگاندنی پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەنێوان فێرخوازانی پۆلی حەفتەمدا، کە بە بەکارهێنانی فێرکردنی هاوبەشی وانەوتنەوە '(یەک فێرکردن، یەک یارمەتیدان)' فێردەکرێن بە بەراورد بەوانەی، بە ستراتیژییەکانی فێرکردنی ئاسایی فێردەکرێن.

### ١-٤ گریمانەی توێژینەوە(Hypothesis of The Research )

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی مانای ئاماری کاتێک (α=٠. ٠٥) لەنێوان ناوەندەنمرەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی فێرخوازانی کچ لە گروپی ئەزموونی بابەتی زانست بۆ هەمووان بە بەکارهێنانی فێرکردنی هاوبەش دەخوێنین لەنێوان ناوەندەکانی نمرەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی فێرخوازانی کچ لە گروپی کۆنترۆڵکراو، کە بابەتی زانست بۆ هەمووان بەڕێگەی ئاسای دەخوێندرێت لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و باشەکی.

### ١-٥ سنووری توێژینەوەکە (Limits of The Research)

١-**بواری مرۆیی**: توێژینەوەکە لەسەر فێرخوازانی کچ دەبێت لە پۆلی حەفتەم لە قۆناغی بنەڕەتی.

٢-**سنووری شوێنی**: لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە شاری هەولێر (قوتابخانەی لاڤینی بنەڕەتی کچان/ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر).

٣-**سنووری کاتی توێژینەوە**: وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

٤-**سنووری بابەتی توێژینەوە**: بەشەکانی (دووەم – سێیەم – چوارەم - پێنجەم- شەشەم)ی کتێبی زانست بۆ هەمووان- پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی / وەزارەتی پەروەردە – چاپی شازدەهەم

### ١-٦ دیاریکردنی زاراوەکان

**کاریگەری(Effectiveness):**

– **(المعجم الوجيز، ٢٠٠١):** "توانا و لێهاتوویی شتێک بۆ کاریگەری دانان لەسەر شتێکی تر" (مجمع اللغة العربية، ٢٠٠١، ل٤٧٧).

– **پێناسەی توێژەران لە لایەنی تیۆری:** واتا بەکەمترین هەوڵ و کاتدا بگاتە ئامانجە داواکراوەکە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی کارای و کوالێتییەکەی تاچەند میتۆدەکە سەرکەوتوو بووە لە ئامانجە دیاری کراوەکان.

**فێرکردنی هاوبەش (Collaborative Teaching ):**

– **یوسف (٢٠٢٠):** "شێوازێکە کە پشت بە هاوکاری مامۆستایان دەبەستێت بۆ پێشکەشکردنی وانە هاوبەشەکان بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە پەروەردەییە کاریگەرەکان" (یوسف، ٢٠٢٠، ل ٢٥).

–**پێناسەی توێژەران لە لایەنی تیۆری:** پرۆسەیەکە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک: (مامۆستا، فێرخواز، زۆرجار دایک و باوک ) لە داڕشتن و جێبەجێکردنی چالاکییە پەروەردەییەکان بەشدارن، ئامانجیان بەرزکردنەوەی ئاڵوگۆری بیرۆکەکانە بۆ فێربوونێکی کاریگەر.

– **پێناسەی توێژەران لەلایەنی لێپێچینەوە یاخود ڕێکاری (الإجرائی):** بریتییە لە پرۆسەیەکی پەوەردەی، مامۆستا و فێرخواز بە کۆمەڵ لە پرۆسەکەدا بەشدارن بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان، لە ڕووی چاودێری ڕاستەوخۆی فێرخواز و هەڵسەنگاندنی پرسیارەکان و ڕازی بوونی هەردوو مامۆستا و فێرخواز لە ژینگەیەکی پەروەردەی.

**بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (Critical think ):**

– **(مجید، ٢٠٠٣):** بریتییە لە هەڵسەنگاندنی زانیاری کە تاک ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بە بەکارهێنانی بیرکردنەوەیەکی تێرامان و شیکەدنەوەیەکی ئەقڵانی، تاکەکەس دەیخاتە ڕوو سەبارەت بەوەی باوەڕی پێی هەیە یاخوت ئەنجامی دەدات. (مجید، ٢٠٠٣، ل٣٣).

– **پێناسەی توێژەران لە لایەنی تیۆری:** بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە پرۆسەیەکی دەروونی ڕێکخراوە ئامانج لێ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی زانیارییە بەشێوەکی عاقڵانە و لۆژکیانە بۆ گەیشتنی ئامانجێکی دروست.

– **پێناسەی توێژەر لەلایەنی لێپێچینەوە یاخود ڕێکاری (الإجرائی):** توانای شیکردنەوەی زانیاری یان ارودۆخەکانە بەشێوەکی ورد و لۆژیکی لەسەر بنەمای پێوەری تایبەت بە تاقیکردنەوەی ڕەخنەگرانە، پێوانەی کارامەییەکان وەک هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە لێکدانەوە، فێرخوازان بڕیار دەدات بەهۆی بونی بەڵگە بۆ وەڵامەکەی.

## ٢- چوارچێوەی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو (Theoretical Framework and Literature Review )

### ٢-١ چوارچێوەی تیۆری (Theoretical Framework)

**تەوەری یەکەم: فێرکردنی هاوبەش (Collaborative Teaching )**

ئەو بیروبۆچون و پرۆسانەی توێژەران، پەروەردەکاران لەبواری پەروەردەدا هەمیشە هەوڵی بۆ دەدەن تاوەکو نایابترین شێوازی وانەوتنەوە ئامادەبکرێت بۆ فێرخواز لە ناوەندەکانی قوتابخانەکاندا ببێتە جێگای سەرنج بۆیان و حەزوو ئارەزوەکانیان لەگەڵیدا بگونجێت بەوپەری متمانە و بوونی دەستکەوتنی بەرهەمێکی مانادار. لە کاتێکدا فێرکردنی هاوبەش لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە قوتابخانەکانی ئەمریکا دەستیپێکرد، وەک پرۆگرامێکی پەروەردەیی پەسند کرا لە پرۆگرامی پەروەردەی نیشتمانی لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، فێرکردنی هاوبەش لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەرکەوت لە ئەنجامی ئەو چاکسازییە یاسایانەی بۆ قوتابخانەکان ئەنجام درا، پێداویستی بۆ گرتنە بەری ڕێ و شوێنی هەموارکردنی بواری فێربوون تاوەکو قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت بتوانن بە ڕێگەی ئاسان فێربن. لە ساڵانی نەوەدەکاندا شێوازەکانی فێربوون کاریگەری و چالاکیی بەخۆیەوە بینی لەسەر بنەمای هاریکاری قوتابخانەکان و فێرکردنی هاوبەش وەک نموونەیەک لە شێوازەکانی توێژینەوە و پراکتیکدا دەرکەوت پاش ئەو ئەنجامە ئەرێنیانەی لە فێرکردنی هاوبەش لەسەر فێرخوازان بەدەرکەوت و دوابەدوای ئەو هەڵسەنگاندنانەی، کە لەلایەن مامۆستایان و دایک

و باوکان و ژمارەکی فراوان لە خەڵک و دەستە پەروەردەییەکان پێشکەش کرا (الرميح و أباحسين، ٢٠١٩، ص ٥٤).
لە نێوان ساڵانی (١٩٩١ – ٢٠٠٢)، لەم ماوەیەدا، پەروەردەی هاوبەش وەک بەدیلێکی تەواوکەر و پاڵپشتی بۆ پەروەردەی گشتی هاتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە چەندین هاوبەشی پەروەردەیی (خوێندنی ئازاد) بۆ قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ناوەندیی کرایەوە و سیستەمی پەیمانگاکانی مامۆستایان لە پەروەردەی گشتی هەڵوەشێنرایەوە، هەروەها بەگوێرەی بۆچوونی کۆمەڵێک لە توێژەران (Glickman, Gordon, & Ross-Gordon, 2007)، فێربوونی بەشداریی ستراتیژییەکی گرنگ و کاریگەرە لە بوارەکانی فێربووندا، چونکە مامۆستایان بە شێوەیەکی ئاسایی هەوڵی وەرگرتنی ڕاوێژ و ڕێنمایی دەدەن، هەروەها بیرەکانیان لەگەڵ یەکتر تێکەڵ دەکەن، ئەمەش بۆ باشترکردنی ئاستی وانەوتنەوەیان دەبێت، کە بە شێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری دەبێت لەسەر پێشکەوتنی خوێندنی قوتابیان.

**٢-١-١-١ قۆناغە سەرەکیەکانی فێرکردنی هاوبەش (The Main Stages of Collaborative Teaching):**

فێرکردنی هاوبەش کە هەوڵدەدات تواناکانی تێگەیشتن پەرەپێبدات، لە سێ پێکهاتەی بنەڕەتی پێکدێت (Sitton, 2019,P 5-6).

١-قۆناغی پلاندانانی هاوبەش. Co- planning

٢-قۆناغی فێرکردن (وانەوتنەوە ) هاوبەش. Co-Instructing

٣-قۆناغی هەڵسەنگاندنی هاوبەش. Co- Assessing

هەر یەکێک لەم پێکهاتانە ستراتیژی تایبەتی خۆیان هەیە وەک ئەمانەی خوارەوە:

**یەکەم: قۆناغی پلاندانانی هاوبەش: Co- planning**

پلاندانانی هاوبەش، لەم پلانەدا مامۆستایان شێوازەکانی وانەوتنەوە و کەرەستە و شێوازەکانی هەڵسەنگاندن پێشنیاردەکەن لەگەڵ پێداویستییە جیاوازەکانی خوێندکاراندا بگونجێت (Friend & Cook, 2010) پێشنیاری ئەوە دەکەن کۆبوونەوەی تایبەت بە پلاندانان پێویستە ئامێری تایبەت لەخۆبگرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر زنجیرەیەک کار، کە لە سێ بەش پێکهاتووە:

– پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوە ئامادەکردنی کورتەیەک لە بابەتەکانی پلانەکە (ئەندامی، چیرۆکەکان، چەمکەکان، پرۆژەکان، وێنەکان) لەخۆدەگرێت.

– لە کاتی کۆبوونەوەدا، کە مامۆستایان تێیدا بڕیار دەدەن لە چۆنێتی بەکارهێنانی شێوازەکانی وانەوتنەوەی هاوبەشی گونجاو.

– مامۆستایان گفتوگۆ لەسەر جیاوازییە تاکەکەسییەکان دەکەن، کە خۆی دەبینێتەوە لە پێداویستییە پەروەردەییەکانی فێرخوازان و ڕێککدەکەون لەسەر چۆنیەتی لەبەرچاوگرتنی ئەو پێداویستیانە.

**دووەم: قۆناغی فێرکردن (وانەوتنەوە )هاوبەش: Co-Instructing**

لەم شێوازەدا، تیمەکە شێوازەکانی وانەوتنەوە جێبەجێدەکەن، کە لەسەری ڕێککەوتوون لە ماوەی پلاندانانی هاوبەشدا، (Friend & Cook, 2010) ئاماژەیان بە پێنج شێوازی وانەوتنەوەی هاوبەش کردووە، لە خوارەوە باسی دەکەین:

١- مامۆستایەک کە وانە دەڵێتەوە و مامۆستایەک یاریدەدەر بێت (One Teach, One Assist): لەم شێوەیەدا مامۆستایەک ئەرکی وانەوتنەوە ئەنجام دەدات لەکاتێکدا ئەوی دیکەیان بەناو پۆلدا دەسوڕێتەوە بۆ ئەوەی هاوکاری پێشکەش بە فێرخوازان بکات و وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە و ڕوونکردنەوە بدات و فێرخوازەکان ئاراستە بکات بۆ فێربوونی زیاتر.

٢- مامۆستایەک وانە دەڵێتەوە و مامۆستایەک چاودێری دەکات ( One Teach, One Observe): لەم شێوەیەدا یەکێک لە مامۆستاکان وانە دەڵێتەوە، لە کاتێکدا مامۆستایەکیان چاودێری بەرەوپێشچوونی فێربوونی فێرخواز دەکات، بە تاک یان بەکۆمەڵ، بە مەبەستی بەڕێوەچوونی شێوازی وانەوتنەوەکە بە ڕێکوپێکی.

٣- فێرکردنی هاوبەشی (وەک یەک) هاوتەریب (Parallel Teaching): کە تێیدا پۆلەکە دابەش دەکرێت بەسەر دوو

گروپدا، هەر مامۆستایەک بە بەکارهێنانی هەمان پلانی وانەوتنەوە وانە دەڵێتەوە، هەروەها دەتوانرێت دابەشکردنی خوێندکارەکان لە هەرکاتێکدا پێویست بکات لەنێوان گروپەکاندا دابەش بکرێتەوە.


٤- وانەوتنەوە لە وێستگەکان ( Station Teaching): لەم شێوەیەی وانەوتنەوەدا، فێرخوازان بەسەر سێ گروپ دابەش دەبن، کە هەر مامۆستایەک گروپێکی فێربوون وانە دەڵێتەوە، یەکێک لە گروپەکانیش فێرخوازان خۆیان گفتوگۆ دەکەن و بەم شێوەیە جێگۆڕکێ لەنێوان گروپەکاندا دەکرێت.

٥-فێرکردنی جێگرەوە (بەدیل) ( Alternative Teaching): مامۆستای پۆلی ئاسایی هەڵدەستێت بە وانەوتنەوەی گروپێکی زۆر لە فێرخوازان لە کاتێکدا مامۆستای فێرکردنی تایبەت لە کۆتایی پۆلی خوێندن دادەنیشێت، بەمەبەستی فێرکردنی کۆمەڵەیەکی کەم.

٦- فێرکردن بە تیم ( Team Teaching): لە وانەوتنەوە بەشێوازی تیم، بە تایبەت لە کۆتایی وانەکەدا، مامۆستاکان وانەکە بە یەکسانی دابەش دەکەن، بە لەبەرچاوگرتنی پسپۆڕی و ئەزموونی ئەکادیمی.

**سێ یەم: قۆناغی هەڵسەنگاندنی هاوبەش (Co- Assessing)**

لەم جۆرە لە هەڵسەنگاندنی ئەدای کاردا، تیمەکە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاری لە چەندین سەرچاوە سەبارەت بە کاریگەریی ئەو شێوازەی، کە لە وانەوتنەوەدا بەکارهاتووە، ئەو هەڵسەنگاندنەش لە رێگەی تێبینییەکانی تیمەکەوە ئەنجام دەدرێت، ئەنجامی فێرخوازان، بەکارهێنانی لیستەکانی پشکنین، پایەکانی هەڵسەنگاندن و تۆماری زانیارییەکان (Duke, 2007).




**شێوەی (١) یەکگرتنی بازنەی فێرکردنی هاوبەش**

**Image source: Andrea Honigsfeld, Ed. D Maria G. Dove, Ed. D** https: //search. app/YFVbthpMTNjT5EbH9

**٢-١-١-٢ لە گرنگترین رۆڵەکانی مامۆستا لە ستراتیژی فێرکردنی هاوبەشدا بریتییە لە:**

**(The most important roles of the teacher in collaborative Teaching strategy include)**

١- بڕیاردان لە دانانی ئامانجە پەروەردەییەکان.

٢- رۆڵی مامۆستا لە فێربوونی هاوبەشدا رۆڵی رێنیشاندەرە نەک رۆڵی فێرکردنی بێکارلێک (الملقن).

٣- دیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی گروپ: لەسەر مامۆستا پێویستە ژمارەی گروپەکان بە دروستی هەڵبژێرێت، بەپێی تایبەتمەندی فێرخوازان و تواناکانیان، بەو پێیەی دەتوانێت بە گروپی بچووک دەست پێ بکات.

٤- روونکردنەوەی چەمک و بنەما سەرەکییەکانی فێربوونی هاوبەش.

٥- جێگیرکردنی فێرخوازان بۆ چەند گروپێک: مامۆستا پێویستە بە شێوەیەکی هەرەمەکی فێرخوازان دیاری بکات.

٦- ئامادەکردنی کەشێکی پەروەردەیی گونجاو بۆ فێربوونی هاوبەش لە ڕێگەی ڕێکخستنی پۆلی خوێندن.

٧- پۆلی خوێندن: مامۆستا، پۆلی خوێندن بەشێوەیەک ڕێکدەخات، یەکتر بینین لەنێوان فێرخوازان ئاسان بکات، بەجۆرێک فێرخوازانی هەر گروپێک لە نزیک یەکەوە دابنیشن.

٨- پلاندانان بۆ کەرەستەکانی تایبەت بە پەروەردە: مامۆستا بابەتی وانەوتنەوەکە بەپێی گروپ، یان بەپێی بابەتی خوێندنەکە، کە کاری لەسەر دەکات دابەش دەکات.

٩- لەسەر مامۆستا پێویستە بنەماکانی وابەستە و هاوبەشن بەیەکەوە بونیاد بنێت و بەرپرسیارێتی تاک بەرانبەر بە گروپ لەنێوان فێرخوازاندا بەهێزبکات.

١٠- دەستنیشانکردنی گرفتەکانی فێربوون، کە فێرخوازان ڕووبەڕووی دەبنەوە و دیاریکردنی چارەسەری گونجاو بۆ تێپەڕاندنی ئەو گرفتانە.

١١- پێشکێشکردنی سەرنج و تێبینییەکان لەسەر کۆی پرۆسەکە.

١٢- هەڵسەنگاندنی فێربوونی فێرخوازان: مامۆستا دەتوانێت فێرخوازێک هەڵبژێرێت و ڕادەی شارەزایی و فێربوونی فێرخوازان دیاری بکات لەو بابەتەی خوێندوویەتی و ئەو ئاستەنگانەش دەستنیشان بکات، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و شیکردنەوەشیان بۆ بکات، دەتوانن ئەوەی فێری بوون بیخەنەڕوو، هەروەها بژاردەی کۆتایی بۆ مامۆستا جێدەهێڵێت لە هەڵبژاردنی شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو.

١٣- کۆتایی هێنان بە چالاکی: مامۆستا هانی فێرخوازان دەدات بۆ ئاڵوگۆڕی وەڵامەکان یان پەڕاوەکانی کار لەنێوان خۆیاندا گروپەکان و دەتوان لە کۆتایی وانەکەدا پرسیار بکەن، یان پوختەیەک بۆ ئەو شتانە دروست بکەن کە فێری بوون و زانیاری لەسەر ئەو بارودۆخە پەروەردەییە بزانن لەسەر ئەو شتانەی فێری بوون چۆن لە داهاتوودا بەکاری دەهێنن (الهاشمي و عیسی، ٢٠٢٠، ص ٧٩).

### ٢-١-١-٣ ڕۆڵی مامۆستا لە گەشەکردنی تواناکانی فێربوونی هاوبەش
### (The Teacher's Role in Developing Collaborative Teaching Skills)

- هاندانی فێرخوازان بۆ بابەتی وانەکە و وروژاندنی ئارەزوویان بۆ هاوبەشیکردن.
- بەدواداچوونی کاری گروپەکان، گوێ لە گفتوگۆ و دیالۆگەکان بگرێت و تێبینییەکانی پەیوەست بە ئامرازەکانیان تۆمار بکەن.
- گفتوگۆ لەسەر گروپەکان بکات لە پێشکەشکردنیاندا و هەر هەڵەیەک لەوانەیە کرابێت ڕاست بکاتەوە.
- ڕوونکردنەوەی سروشتی ئەرکە جیاوازەکانی هاوبەشبوون، کە پێویستە لەلایەن فێرخوازانەوە جێبەجێ بکرێن، بە بەردەوامی فیدباکی هەمەجۆر پێشکەش بە فێرخوازان بکات، بۆ دڵنیابوون لە هاندانیان بۆ فێربوون و هاوبەشیکردن.
- قەبارەی گروپەکانی کار دیاری بکات، فێرخوازان دابەش بکات بۆ گروپی جیاواز.
- هاوبەشی لەگەڵ فێرخوازان بکات لە کورتکردنەوەی خاڵە سەرەکییەکان و بیرۆکە سەرەکییەکانی وانەکە.
- لە کاتی گونجاودا دەستێوەردان بکات و یارمەتی و ڕێنمایی پێشکەش بە هەر فێرخوازەک بکات، کە پێویستی پێیەتی.
- ئاڕاستەکردنی فێرخوازان بۆ کارلێک کردن و هاوبەشیکردن و هاوکاری کردن لەگەڵ کەسانی تر لە گروپە جیاوازەکانی کاردا.
- ڕەخساندنی دەرفەت بۆ فێرخوازان بۆ تاوتوێکردنی گرنگترین بیرۆکە و تێڕوانینەکان، کە هەر گروپێک بە جیا پێی گەیشتوون (ابراهیم، ٢٠١٩).

### ٢-١-١-٤ ڕۆڵی فێرخواز لە فێربوونی هاوبەشدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
### (The role of the learner in collaborative Teaching is as follows)

١- لە فێربوونی هاوبەشدا فێرخواز تەوەری پرۆسەی فێربوونە، کە دادەمەزرێت لەسەر بنەمای هاوبەشیکردنی فێرخواز و مامۆستا لە پرۆسەی فێربووندا.

٢- شارەزابون لە هەڵوێستی فێربوونی فێرکاری لەنێوان هەردوولا بەرپا دەبێت، مامۆستا و فێرخواز بەشێوەیەکی

هاوبەش، ئەمەش یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و لێهاتوویی بە شێوەیەکی چالاک.
٣- فێربوونی بەردەوام بریتییە لە هێشتنەوەی زانیاری بۆ ماوەیەکی زۆر لە یادەوەری فێرخوازدا.
٤- گەشەکردنی کارامەیی بیرکردنەوەی فێرخواز.
٥- بەرزکردنەوەی توانستی فێرخواز لەسەر شیکردنەوەی بارودۆخەکان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.
٦- متمانە بەخۆبوون بە فێرخواز دەبەخشێت (دعمس، ٢٠٠٨، ل١١٢).

دعمس ئەوە دەخاتە پاڵ قسەکانی کە فێرکردنی هاوبەش دەبێتە هۆی ئەوەی فێرخواز چالاک بێت، پرسیار بوروژێنێت، بگەڕێت بەدوای وەڵامدا، کارلێک بکات، بیردەکاتەوە، زانیاری بەدەست بهێنێت فێرخواز بە شێوەیەکی چالاک بەشداری دەکات و کارلێک لەگەڵ هاوپۆلەکانی دەکات (دعمس، ٢٠٠٨، ل٨٢).

**٢- توێژینەوەکانی پێشوو (Literature Review):**

ئەم بەشە ژمارەیەک توێژینەوەی پێشووتر لەخۆدەگریت کە پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە و سوودیان بە توێژەران گەیاندووە لە دەستنیشانکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە:
توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر کاریگەری فێرکردنی هاوبەش:

-**العليات (٢٠١٣) الأردن:** ئامانجی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری ستراتیژی فێرکردنی هاوبەش بوو لەسەر باشترکردنی تێگەیشتن لە خوێندنەوە. لەنێو فێرخوازانی پۆلی نۆی بنەڕەتی لە پارێزگای (المفرق) و هەڵوێستیان بەرانبەری. نموونەی توێژینەوەکە (١٢٤) فێرخوازی نێر و مێ بوون لە پۆلی نۆی بنەڕەتی، کە بە ستراتیژێکی مەبەستدار لە چوار قوتابخانەی حکومی هەڵبژێردران، بەهەرەمەکی بۆ کچان یەکەمیان گروپێکی کۆنترۆڵ بوو لە قوتابخانەی (الربيع) (بنت معوذ)، (٣٦) فێرخوازی کچ بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، دووەمیان ئەزموونی لە قوتابخانەی (الفەدین) بنەڕەتی کچان، (٣٣) فێرخواز. دوو پۆلی کوڕانیش بە هەرەمەکی، یەکەمیان گروپێکی کۆنترۆڵە لە قوتابخانەی بنەڕەتی بۆ کوڕان کە (٢٨) فێرخواز بوون، دووەمیان گروپێکی ئەزموونی لە قوتابخانەی کوڕانی بنەڕەتی (جعفر الطيار) بنەڕەتی (٢٧) فێرخواز بوون. دوو گروپی کۆنترۆڵ (نێر و مێ) بەپێی ستراتیژە ئاساییەی دەخوێنت، لەکاتێکدا هەردوو گروپی ئەزموونییەکە هەمان دەقەکانیان بەگوێرەی ڕێکارەکانی فێرکردنی هاوبەشە دەخوێند.
دوای کۆتایی هاتنی ماوەی توێژینەوەکە، تاقیکردنەوەی تێگەیشتن لە قەبارەی هەڵوێستەکان بەرانبەر بە فێربوونی هاوبەش بۆ گروپی ئەزموونی بەکارهێنرا. توێژینەوەکە دەریخستووە جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە ئاستی گرنگی (٠.٠٥ - a) لەنێوان تێکڕای ئەدای تاکەکانی توێژینەوەکە لە هەموو ئاستەکانی تێگەیشتن لە خوێندنەوە و لە تاقیکردنەوەکەدا بە گشتی هەبووە، کە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوەی ستراتیژی وانەوتنەوەکە فێرکردنی هاوبەشە.

-**أبوغزال (٢٠١٥) الأردن:** ئەم توێژینەوەیە ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی فێرکردنی هاوبەشبوو لە باشترکردنی دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی حەوتەم لە بابەتی پەروەردەی ئیسلامیدا. توێژەرەکە ڕێبازی نیمچە ئەزموونی بۆ ڕێکارەکانی خوێندن گرتووەتەبەر، بەو پێیەی ستراتیژی فێربوونی هاوبەش لە فێرکردنی پەروەردەی ئیسلامی بۆ فێرخوازانی پۆلی حەفتەم بەکارهێنرا. نموونەی توێژینەوەکە لە ( ٦٠) فێرخواز پێکهاتبوو، گروپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵ). توێژەر توێژینەوەکەی لەسەر نموونەی توێژینەوەکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا بەکارهێناوە. دوای ئەوە توێژەر ڕێژەی جیاکاری و سەختی بۆ برگەکانی پرسیار بۆ پێش تاقیکردنەوەکە حیسابی کرد. هەموو برگەکان پلەیەکی مامناوەندی سەختی و جیاکاری مامناوەندیان هەبووە و بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەی زانستی کاریگەرن. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لەنێوان گروپی کۆنترۆڵ و گروپی ئەزموونی هەبووە و جیاوازییەکان لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی بووە، هەروەها ئەنجامەکان بوونی کاریگەری بەرنامەکەیان نیشاندا بە بەکارهێنانی فێرکردنی هاوبەش، چونکە قەبارەی کاریگەرییەکە گەیشتە (٠.٨١)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەری مۆدێلی

فێرکردنی هاوبەش لە بەرزکردنەوەی دەستکەوت. لە پەروەردەی ئیسلامی بۆ فێرخوازانی پۆلی حەفتەم. لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکەدا، توێژەر پێشنیاری گشتاندنی بەکارهێنانی فێربوونی هاوبەشی لە بابەتەکانی دیکەدا کردووە.

**توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر کاریگەری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:**

**-المطبوق (٢٠١٣) فلسطین:** ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی جیگسۆ بوو لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و هەڵوێست بەرانبەر بە زانست لەنێو فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی غەزە. توێژەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا شێوازی ئەزموونی پەیڕەو کردووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە سەرجەم فێرخوازانی پۆلی هەشتەم پێکهاتبوو لە قوتابخانە حکومییەکانی پارێزگای (غەزە) لە ساڵی خوێندنی(٢٠١١ - ٢٠١٢). نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (١٥٨) فێرخوازی نێر و مێ، کە بە مەبەست هەڵبژێردراون، پێکهاتوون لە چوار پۆل، دوو پۆل لە قوتابخانەی بنەڕەتی (نەسیبة بنت کعب)، دوو پۆلی قوتابخانەی بنەڕەتی(النزلة) بۆ کوڕان، نموونەکە دابەشکراوە بەسەر دوو گروپدا: گروپێکی ئەزموونی، کە بە بەکارهێنانی ستراتیژی جیگسۆ لێکۆڵینەوەیان کردووە و گروپێکی کۆنترۆڵ، کە بە بەکارهێنانی شێوازی تەقلیدی لێکۆڵینەوەیان کردووە. تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ و چوارگۆشەی ئیتا بەکارهێنران بۆ دۆزینەوەی قەبارەی کاریگەرییەکە. بۆ مەبەستی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ئامرازانەی خوارەوەی ئامادە کردووە: تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، متمانەپێکراوی تاقیکردنەوەکە بە نیوەی دابەشکراو (٠. ٨١) و بە تاقیکردنەوەی دووبارە (٠. ٧٦٤). ئەنجامی توێژینەوەکە ئەمانەی خوارەوە دەرکەوتووە:

*جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕووی ئامارییەوە لە ئاستی ($a \le 0.05$) لەنێوان تێکڕای نمرەی فێرخوازانی گروپی تاقیکاری لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە زانستدا، لەگەڵ تێکڕای هاوتەمەنەکانیان لە گروپی کۆنترۆڵدا هەیە، کە ئەمەش بۆ خوێندکارانی گروپی ئەزموونی ڕەوایە.

توێژینەوەکە پێشنیاری کردکە: هاندانی فێرخواز بۆ پراکتیزەکردنی شێوازی بیرکردنەوەی جیاواز بەتایبەت کارامەیەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی وەک یەکێک لە ئامانجە گرنگەکان لە فێرکردنی زانستدا.

**٢-٢-١ سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو (Making Use of Previous Research):**

**١. توێژەران سوودیان لە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە، ئەم سوودەش دەتوانرێت لەم بابەتانەی خوارەوە دەستنیشان بکرێت:**

- ئەو گرنگییەی لە توێژینەوەکان بینیم لایەنی ڕیزبەندی بابەتەکان بوو لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە.
- هەوڵمدا بەهۆی توێژینەوەکانی پێشوو سود لە دەست نیشانکردنی گرفتەکان وەرگرین، کە باسکراون و ڕێکاری بۆ گیراوەتە بەر.
- سودمەند بوون لە چۆنیەتی بەکارهێنانی شێواز و ئاماری گونجاو، چۆن ئامراز و پێداویستەکان ئامادەدەکەیت.
- سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو لە ئامادەکاری تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.
- ئەنجامی هەندێک توێژینەوە بەسود بوو بۆ لێکدانەوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی ئێستا بە لێکدانەوەیەکی زانستی بابەتیانە.

**٢. خاڵە هاوبەشەکانی ئەم توێژینەوەلەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو**

**(Common Points Between This Research and Previous Studies)**

-کاریگەری بەکارهێنانی فێرکردنی هاوبەش لەبابەتەکانی تر بەکارهاتووە لە پێشودا.

-کاریگەری فێرکردنی هاوبەش بووەتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی فێرخواز.

**٣. ئەم توێژینەوەیەی کە توێژەرکردویەتی بە بەراورد بە توێژینەوەکانی پێشوو:**

**(This research conducted by the researcher, compared to previous research)**

بە بیروڕای توێژەر ئەم توێژینەوە لە توێژینەوەکانی پێشوو جیاکراوەتەوە بەهۆی :

– ئەو ئامرازەی بەکارهێنراوە لە توێژینەوەکە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بوو، کە بەر لە جێبەجێکردنی نموونەی سەرەکی ڕاستگۆی و جێگیری بۆ دۆزرایەوە.

– جیاوازی لە ڕووی ئەو نموونەی لە توێژینەوەکە بەکارهاتووە وەک ژمارەی فێرخوازەکان و ڕەگەزی فێرخوازەکان.

– ئەو شوێنەی توێژینەوەکەی لێ ئەنجام دراوە ژینگە و کەشێکی کوردییە پێشتر بەرچاوی توێژەر نەکەوتووە لەم جۆرە توێژینەوە.

– زۆربەی توێژینەوەکانی پێشوو گۆڕاوی سەربەخۆکەیان بەکارهێناوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لەلایەن فێرخوازەکانەوە بەشێوەکی ناڕاستەوخۆ و ڕاستەوخۆ، بەڵام ئەم توێژینەوە بەبەکارهێنانی تاکە سەرچاوەی ئەلیکترۆنی لای مامۆستا و بەشدارکردنی مەیدانی ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لای فێرخوازەکان لە ناو ژینگەی پۆلدا.

## ٣ – ڕێکارەکانی توێژینەوە (Research Procedures):

### ٣-١: ڕێبازی توێژینەوە:( Research Methodology)

ڕێبازی تاقیکاری لە توێژینەوەکە پەیڕەوکراوە، ڕێبازی زانستی شێوازێکی ڕێکخراوی بیرکردنەوە و کارکردنە کە توێژەرەکان بەکاریدەهێنن بۆ شیکردنەوە و خوێندنی دیاردەکان بە شێوەیەکی قۆناغی واتا پلە بەپلە، کە دەست پێدەکات بە دیاریکردنی کێشەکە، پاشان داڕشتنی گریمانەکان، تاقیکردنەوەیان، شیکردنەوەیان و پێشکەشکردنی ئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان. ڕێباز (المنهج) جیاوازە لە شێواز (الأسلوب)، ڕێباز لەوانەیە یەک شێواز یان کۆمەڵێک لە شێوازی هاوشێوەکان لەخۆ بگرێت (عليان، ٢٠٠١، ل٣٥).

### ٣-٢ دیزاینی ئەزموونی (Experimental Design)

نەخشەسازی ئەزموونی لە توێژینەوەدا پلانێکە یان ستراتیژیەک توێژەر دایدەنێت بۆ ئەوەی بتوانێت بگاتە وەڵامی کێشەی توێژینەوەکەی و بۆ کۆنترۆڵکردنی جیاوازی ڕوو دەدات لە پلەکانی گۆڕاوی پاشکۆ (التابع) بە شێوەیەک بگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ (المستقل) (الطيب وآخرون، ٢٠٠٥، ل ١٣٢) توێژەر دەستیکرد بە دانانی نەخشەسازی ئەزموونی بۆ دوو کۆمەڵە، کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵ هەروەک لە شێوە (2)ڕوونکراوەتەوە.

| Group گروپەکان | هۆبەی | تاقیکردنەوەی پێشەکی | تاقیکردنەوەی پاشەکی | گۆڕاوە سەربەخۆکان |
|---|---|---|---|---|
| Experimental Group گروپی ئەزموونی | أ | بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە | 1–دەستکەوتی خوێندن<br>2– بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە | ستراتیژی فێرکردنی هاوبەش |
| Control Group گروپی کۆنترۆڵکراو | ب | | | ستراتیژی فێرکردنی پەیڕەوکراو (ئاسایی) |

**شێوەی (2) ڕوونکرنەوەی نەخشەسازی ئەزموونی**

### ٣-٣ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و نموونەکەی (The Research community and its Sample)

### ٣-٣-١: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە : (Research community)

سەرەتای دەستپێکردنی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە گرتنەبەری ڕێکارەکانی توێژینەوە پەروەردەییەکانە، بە کارێکی گرنگ هەژمار دەکرێت، بۆیە یەکەم هەنگاوە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە، دەبێت توێژەر بایەخی پێبدات و بەگرنگ هەژماری بکات. کۆمەڵگە: بریتییە لە کۆمەڵێک یەکەی ئاماری بە شێوەیەکی ڕوون پێناسە کراون و دەمانەوێت زانیاری لێوەرگرین (العزاوي، ٢٠٠٨، ل١٦١). کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە سەرجەم فێرخوازە کچەکانی پۆلی حەفتەم لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر.

### ٣-٣-٢ نموونەی توێژینەوە :Research Sample

نموونە (Sample): بەشێکە لە کۆمەڵگە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، توێژەر هەڵیدەبژێرێت بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر ئەنجام بدات بەپێی ڕێسای تایبەت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست نوێنەرایەتی کۆمەڵگە بکات (العزاوي، ٢٠٠٨، ل١٦١). ئەمە خوارەوە وەسفی نموونەی توێژینەوەکە دەکات:

### ٣-٣-٣ نموونەی قوتابخانە ( School sample)

دوای بەدەستهێنانی نوسراوی ئاسانکاری ئەرک کە لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین دەرچوو بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر و دوای ئاراستەی کارگێڕی قوتابخانەکان کرا. نموونەی توێژینەوەکە، کە بە شێوەیەکی مەبەست توێژەر قوتابخانەیەکی دیاری کرد لە سنوری پارێزگای هەولێر قوتابخانەی (لاڤین)ی بنەرەتی کچان، هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی ببێتە بوارێک بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەم هۆکارانەی خوارەوە:

* قوتابخانەکە لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە بۆ هاتوچۆکردن گرفتی نەبوو.
* کارگێڕی قوتابخانە ئامادەی خۆی دەربڕی بۆ کارئاسانی و یارمەتیدانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە.
* مامۆستای بابەتی (زانست بۆ هەمووان) بەتەواوی هاوکاری خۆی پیشاندا بۆ سەرکەوتنی ئەزموونەکە، توێژینەوەکە جۆری (یەک مامۆستا و یەک یاریدەدەر) بوو بەم جۆرە توێژەر دەستیکرد بەکارەکانی بێ دوودڵی بەوپەڕی متمانەوە، لەگەڵ ئەو پێداویستیانەی کە پێویست بوون توێژەر بەگوێرەی پێویست ئامادەی دەکرد.

### ٣-٣-٤ نموونەی خوێندکارە کچەکان :( Student Girl Sample)

دوابەدوای سەردانی توێژەر و گونجانی فێرخوازەکان بۆ توێژینەوەکە توێژەر هەستا بەئەنجامدانی توێژینەوەکەی. قوتابخانەکە دوو پۆلی حەفتی هەبوو، توێژەر بەشێوەکی هەرەمەکی لەنێوان پۆلەکان هەڵبژاردەی کرد، ژمارەیان (٦٨) فێرخواز بوو دابەش کرابوو بەسەر دوو پۆلدا پۆلی ( أ) (٣٣) فێرخواز، پۆلی (ب) (٣٥) فێرخواز، کۆی گشتی (٦٨) فێرخواز لەخشتەکەدا ڕوون کراوەتەوە.

**خشتەی( ١ ) فێرخوازان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

| گروپەکان | پۆل | ژمارەی فێرخوازانی کچ پێش دورخستنەوە | ژمارەی فێرخوازە کچەکان دوای دەرکردن |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | أ | 33 | 33 |
| کۆنترۆڵ | ب | 35 | 35 |
| کۆی گشتی | | 68 | 68 |

### ٣-٤ هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە: (Equivalence of Research Groups)

یەکێک لە تایبەتمەندی توێژینەوەی ئەزموونی ئەوەیە دەبێت هاوسەنگی بکرێت لەنێوان کۆمەڵەکانی لە توێژینەوەکە بەکاردێت، توێژەر دەبێت زاڵ بێت بەسەر ئەو کەموکوڕیانەی لەسەر گروپەکان داهەیە، کە لە نەخشەسازی ئەزموونی دیاری کراوە. سادەترینی ئەم نەخشەسازییە بریتییە لە بەکارهێنانی یەک گروپی ئەزموونی و یەک گروپی کۆنترۆڵ، بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی دروست، پێویستە توێژەر دڵنیا بێت لە هاوسەنگی نێوان گروپە بەکارهاتووەکان (جابر، کاظم، ١٩٧٣، ل٢٠٤). بۆ ئەوەی یەکسانی لەنێوان گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵدا بەدەست بهێنرێت، (Independent t-test) و (مربع کای – کا٢) بەکارهێنا، توێژەر بەگرنگی زانی هاوسەنگی بکات لەنێوان هەندێک گۆڕاو دەکرێت کار لەسەر گۆڕاوەکانی تر بکەن: گۆڕاوەکانی هاوسەنگ کران وەک:

١- بەدەست هێنانی پلەی زیرەکی فێرخوازان.
٢- کۆی گشتی نمرەی ساڵی پێشوو.
٣- زانیاری پێشوو لەسەر هەردوو گروپەکە.
٤- تەمەنی فێرخواز بە مانگ.
٥- نمرەی فێرخواز لە بابەتی زانست لە ساڵی پێشوو (٢٠٢٢ - ٢٠٢٣).
٦- نمرەی تاقیکردنەوەی پێشەکی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.
٧- ئاستی خوێندەواری باوک.
٨- ئاستی خوێندەواری دایک.
* بەبەکارهێنانی بەهای تائی لادانی پێوەری و ناوەندەژمێرەی بۆ هاوتاکردنی گۆڕاوەکان لەنێوان هەردوو گروپەکە.

**خشتەی ژمارە(2) ئەنجامی جیاوازی ئاماری لە نێوان گۆڕاوەکان**


| گۆڕاوەکان | گروپەکان | ژمارەی فێرخواز | ناوەندی ژمێرەی. | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| ئاستی ژیری (پلەی زیرەکی) | ئەزموونی | 33 | 29.79 | 3.714 | 1.56 | 1.99 (0.05) (66) | هاوتا |
| | کۆنترۆڵ | 35 | 31.03 | 2.792 | | | |
| کۆنمرەگشتی ساڵی پێشوو | ئەزموونی | 33 | 83.58 | 10.805 | 1.32 | 1.99 (0.05) (66) | هاوتا |
| | کۆنترۆڵ | 35 | 80.00 | 11.36 | | | |
| زانیاری پێشوو | ئەزموونی | 33 | 15.58 | 4.969 | 0.26 | 1.99 (0.05) (66) | هاوتا |
| | کۆنترۆڵ | 35 | 15.89 | 4.874 | | | |
| تەمەن بە مانگ | ئەزموونی | 33 | 148.85 | 9.421 | 0.59 | 1.99 (0.05) (66) | هاوتا |
| | کۆنترۆڵ | 35 | 150.00 | 6.485 | | | |
| نمرەیبابەتی زانست بۆ ساڵی پێشوو | ئەزموونی | 33 | 77.79 | 16.776 | 0.98 | 1.99 (0.05) (66) | هاوتا |
| | کۆنترۆڵ | 35 | 73.66 | 17.630 | | | |
| نمرەی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی پێشوەختە | ئەزموونی | 33 | 65.97 | 3.077 | 1.03 | 1.99 (0.05) (66) | هاوتا |
| | کۆنترۆڵ | 35 | 65.06 | 4.101 | | | |

**٣-٤-١: ئاستی خوێندەواری باوکان و دایکانی فێرخوازانی هەردوو کۆمەڵە:**

**(Literacy levels of fathers and mothers of students in both groups)**

مەبەستی توێژەر لە ئاستی خوێندەواری دایکان و باوکانی فێرخواز ئەوەیە، هەتاکو ڕوونبێتەوە کە دایک و باوکی فێرخوازانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە خاوەنی چ ئاستێکی (پلە)یەکی خوێندنن، ئاستەکانیش بریتی بوون لە (سەرەتایی و کەمتر، ناوەندی و دوای ناوەندی، دبلۆم و زیاتر)، لە خشتەی (٤.٣) خراوەتەڕوو، دیاریکردنی هەریەک لە ئاستەکان, پاشان هەڵسا بە جێبەجێکردنی ڕێکاری ئاماری لەگەڵ داتا تایبەتییەکانی ئاستی خوێندنی باوکی فێرخوازانی هەردوو کۆمەڵەکە بە بەکارهێنانی (مربع کای – کا٢).

**٣-٤-١-١ئاستی خوێندەواری باوک (Father Achievement Level):**





**شێوەی (٣) ئاستی خوێندەواری باوکانی تاکەکانی هەردوو گروپەکە**

**خشتەی (٣) بەهای کای دوو بۆ ئاستی خوێندەواری باوکانی تاکەکانی هەردوو گروپەکە**

| گروپەکان | سەرتای کەمتر (١-٦) | ناوەندی و دواناوەندی (١٢-٧) | دبلوم وسەرەوەتر (١٣ و زیاتر) | کۆی گشتی | کا$^2$ هەژمارکراو | کا$^2$ خشتەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 8 | 20 | 5 | 33 | 2.97 | 5.99 (0.05) (2) |
| کۆنترۆڵ | 14 | 14 | 7 | 35 | | |
| کۆی گشتی | 22 | 34 | 12 | 68 | | |

**٣- ٤-١-٢ ئاستی خوێندەواری دایک (Mather Achievement Level):**




شێوەی (٤) ئاستی خوێندەواری دایکانی تاکەکانی هەردوو گروپەکە

خشتەی (٤) بەهای کای دوو بۆ ئاستی خوێندەواری دایکانی تاکەکانی هەردوو گروپەکە

| گروپەکان | نەخوێندەواری | سەرتای | ناوەندی و دوای ناوەندی | دبلوم بەرەوسەرەوە | کۆی گشتی | کا² هەژمارکراو | کا² خشتەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 9 | 14 | 5 | 5 | 33 | 0.42 | 7.81 (0.05) (3) |
| کۆنترۆڵ | 8 | 14 | 7 | 6 | 35 | | |
| کۆی گشتی | 17 | 28 | 12 | 11 | 68 | | |

**٣-٥: دەستنیشانکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە و کۆنترۆڵکردنیان:**
**Identifying and controlling the research variables**

لە توێژینەوەی ئەزموونییەکەدا دەبێت توێژەر گۆڕاوەکان کۆنترۆڵ بکات، کە پەیوەندیان بە ڕێکاری ئەزموونەکەوەیە تاوەکو بتواندرێت بەباشترین شێوە کارەکان جێبەجێبکرێت زاڵ بێت بەسەر هەر هۆکارێک دزە بکات و کار لە دروستی جێبەجێکردنەکە بگرێت.

**٣-٥-١: گۆڕاوە نامۆکان (نا ئەزموونییەکان) (Extraneous Variables)**

گۆڕاوە نامۆکان ئەگەرچی ناچنە ناو دارشتنی نەخشەسازی توێژینەوەکە و ناکەونە ژێر کۆنترۆڵی توێژەران، بەڵام کاریگەریان لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکان هەیە، وەک کاریگەرییەکی نەویستراو دەردەکەون و توێژەر ناتوانێت ڕاستەوخۆ بیان بینێت یان پێوانەیان بکات، بۆیە کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە نامۆکان بە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی توێژەر دادەنرێت لە توێژینەوە ئەزموونییەکان، زۆربەی شارەزایانی ئەم بوارە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە سەلامەتی دیزاینی ئەزموونی دوو لایەنی هەیە ناوەکی و دەرەکی (کەریم، ٢٠١٤، ل٨١-٨٢)، گرینگترین ئەو گۆڕاوانەی دەبنە هەڕەشە بۆسەر سەلامەتی ناوەکی و دەرەکی ئەزموونەکە. گۆڕاوی نامۆ: جۆرێکە لە گۆڕاوی سەربەخۆ لەژێر کۆنترۆڵی توێژەردا نییە، بەڵام دەکرێت هەست بە بوونی بکرێت بەهۆی کاریگەری لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (التابع) (القواسمة واخرون، ٢٠١٢، ل ١٠٣).

**٣-٦ : پێداویستیەکانی توێژینەوەکە(Research Requirement)**

بۆ مەبەستی گەیشتن بە ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوەکە، ئەم مەرجانەی خوارەوە پێویستە:

**٣-٦-١: دیاریکردنی بابەتی خوێندن (Determining the subject of study):**

توێژەر مادده زانستییەکەی دەست نیشان کرد کە توێژینەوەکە دەیگرێتەوە، بەگوێرەی وشەسازی کتێبی زانست بۆ هەمووان بۆ فێرخوازەکانی پۆلی حەفتەم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ - ٢٠٢٥) بۆ وەرزی یەکەم توێژەر یەکسانی لەنێوان گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵی توێژینەوەکەی دۆزیەوە، بابەتەکانی کە دەوترێتەوە، بریتی بوو لە:

بەشی دووەم (خانەکان)

بەشی سێیەم (فرمانەکانی خانە)

بەشی چوارەم (کارلێکی زیندەوەران)

بەشی پێنجەم (داهاتەکانی توێکڵی زەوی)

بەشی شەشەم (تاوێرەکان)

**٣-٦-٢ شیکاری ناوەڕۆکی: (Content Analysis)**

"شێواز یان ئامرازێکی توێژینەوەی زانستییە توێژەر دەتوانێت لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەکاری بهێنێت بۆ وەسفکردنی ناوەڕۆکی ئاشکرا و ناوەڕۆکی ڕوون بۆ ماددەیەک مەبەست لێکۆڵینەوەیەتی، لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە یان گریمانە بنەڕەتییەکانی". (الهاشمي وعطيه، ٢٠١٤:ل١٧٤)

توێژەر دوای دەست نیشانکردنی بابەتی زانستییەکەی دیاری کرد کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەزموونەکەدا بۆ هەردوو گروپ دەگوترێتەوە بەشێوەکی ورد ناوەڕۆکی بابەتەکەی شیکردەوە. شیکردنەوەی ناوەڕۆک کە پێکهاتوە لە ڕاستییەکان (٥٢) برگە، چمکەکان (٥٨) برگە و گشتاندن (٢١) برگە، کارامەی (١٠) برگە، یاساکان (١) برگە، کۆی گشتی (١٤٢) برگە بوو دوای ئەمەش درا بە ژمارەیەک لە پسپۆڕی پێوانە و هەڵسەنگاندن و ڕێگەکانی وانەوتنەوە ڕایان لەسەر بوو هیچ هەڵەی بەرچاوی نەبوو شایەنی دەسکاری بێت٠

**٣-٦-٣ ئامانجە ڕەفتاریەکان (Behavioral goals)**

ئامانجە ڕەفتارییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە ئاڕاستەکردنی پرۆسەی فێربوون و لە زانینی ئەوەی چی دەپێوین لای فێرخوازان، دوای تەواوبوونی پرۆسەی وانەوتنەوە یان ڕەنگە لە کاتی ئەنجامدانیدا ( عمر، محمود أحمد وزملاؤه، ٢٠١٠، ل٤٠٥) یەکەم هەنگاو لە بونیادنانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا بریتییە لە زانینی ئامانجە پەروەردەییەکانی بابەتەکە و پەرەپێدانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بۆیان لە ڕێگەی وەسفێکی وردی ڕەفتارەکەوە ئامانجە ڕەفتارییەکان ئامادەدەکرێت لە لیستی تایبەتدا شی دەکرێتەوە بەپێی هەڕەمی بلۆم و ئاستەکانی کە چوار ئاستم وەرگرت بوو (بیرهاتنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە) پاشان بەشێوەی لیست ئامانجە ڕەفتارییەکان پێشکەش بە کۆمەڵێک لە پسپۆڕییەکانی دەروونناسی، ڕێگەی وانەوتنەوەی زانستی کران، بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی لە پاشکۆی (1) ئاماژەی پێکراوە، ڕێژەی سەدا (٨٠%) یان زیاتری بۆچوونەکانیان وەرگیرا بۆ ڕەوایەتی ئامانجی ڕەفتاری و گونجاوی کە توێژەر ئامادەی کردبوو تەنها بوونی هەڵەی وشەی هەبوو ئەویش ڕاست کرایەوە لەلایەن توێژەر.

**٣-٦-٤: ئادەکردنی پلانی وانەوتنەوە (Teaching Plans Preparation):**

"پلانی وانەوتنەوە: بریتییە لە کۆمەڵە هەنگاو و ڕێکار ئامادەکارییە کە مامۆستا پێش جێبەجێکردنی وانەکە دەیگرێتەبەر و ڕاهێنانی لەسەر دەکات: لەپێناو گەرەنتیکردنی بەدەستهێنانی وانەوتنەوەیەکی باشتر و فێربوونێکی باشتر "( عبيدات و ابو السميد، ٢٠٠٧، ل ٩). دوای دیاریکردنی ماددی خوێندن و ئامانجە ڕەفتارییەکان، توێژەر دوو مۆدێلی بۆ پلانی وانەوتنەوە ئامادەکرد مۆدێلی یەکەم (پلانی فێرکردنی هاوبەش)، مۆدێلی دووەمیش ( پلانی فێرکردن بە شێوازی تەقلیدی (ئاسایی) کە پێشکەش بە کۆمەڵێک لە پسپۆڕییەکانی دەروونناسی، ڕێگەی وانەوتنەوەی زانستی کران هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (١) دیارکراوە، لەبەر ڕۆشنایی سەرنجەکانیان چەند ڕێنمای ورد کراو توێژەر جێبەجیکرد، توێژەر (٢٢)

بەشە وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی فێرکردنی هاوبەش و (٢٢) بەشە وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی شێوازی تەقلیدی ئامادەکردووە بۆ جێبەجێکردنی لە ماوەی تاقیکردنەوەی توێژینەوەکەدا.

**٣-٧ : ئامرازەکانی توێژینەوە (Research Tools)**

ئەمە ڕێگەیەکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، بەو هۆیە دەتوانرێت وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوە بدرێتەوە یان گریمانەکانی تاقی بکرێنەوە، پێی دەگوترێت ئامرازەکانی پێوانە وەک: ڕاپرسی، تێبینی، چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوەکان (الشایب، ٢٠١٢، ل ٦٩).

تاکو توێژەر لە کرداری توێژینەوەکەی بگات بە ئامانج و گریمانەکانی پێویستی بە ئامادەکردنی ئامراز بوو :

**٣-٧-١-١ دیاریکردنی ئامانجی گشتی تاقیکردنەوەکە:**
**( Determining the general objective of the experiment)**

تاقیکردنەوەکە ئامانجی پێوانەکردنی ڕادەی توانای فێرخوازەکانە لە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە زانستدا پێش و پاش جێبەجێکردن و پاشان بڕیاردان لەسەر کاریگەری فێرکردنی هاوبەش لە بەهێزکردنی فێرخوازان لە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە پێش و پاش جێبەجێکردندا.

**٣-٧-١-٢ ئامادەکردنی برگەکانی تاقیکردنەوە:( Preparation of test components)**

توێژەر پێداچوونەوەی بەو تاقیکردنەوانەدا کرد، کە لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەلایەن توێژەرانەوە بونیاد نراون یاخود پێش خۆی لەم بوارەدا ئامادەیان کردوە، لەسەر شێوازی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی **(واتسن – جلیسر)** پێکهاتییە لە پێنج کارامەی **(زانینی گریمانە – ڕاڤەکردن – هەڵسەنگاندنی گفتوگۆکردن – لێبڕین – دەرئەنجام)**. کە توێژەر لە کاتی ئامادەکردنی برگەکان لە (مهدي محمد جواد (٢٠١٥). لە زانکۆی بابل، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی،
لە (شنە أبراهیم محمد (٢٠١٢) زانکۆی سلیمانی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی)، لە (ستار جبار حاجی (٢٠٠٨) لە زانکۆی دهۆک، کۆلیژی پەروەردە) وەریگرتوە. بۆیە توێژەر توانی تاقیکردنەوەیەک لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا ئامادەبکات و لەگەڵ دۆخەکەی خۆیدا بیگونجێنێت، هەریەکە لە کارامەییەکان کۆمەڵێک بارودۆخ لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە:

**یەکەم:** کارەمەی زانینی گریمانەکان کە وەڵامی (دەشی – ناشی) بوو لە (٦) برگە پێکهاتبوو.

**دووەم:**کارامەی ڕاڤەکردن کە وەڵامی (ڕێک کەوتوە – ڕێک نەکەوتوە) بوو (٦) برگە پێکهاتبوو

**سێیەم:** کارامەی هەڵسەنگاندنی گفتوگۆکردن کە وەڵامی (بەهێز – بێ هێز) بوو لە (٦) برگە پێکهاتبوو.

**چوارەم:** کارەمەی لێکردنەوە – لێبڕین کە وەڵامی (ڕاستە – ڕاست نیە) بوو لە (٦) برگە پێکهاتبوو.

**پێنجەم:** کارەمەی دەرئەنجام کە وەڵامی (بەتەواوی ڕاستگۆیە - زانیاری ناتەواوە – بەتەواوی هەڵە) بوو لە (٥) برگە پێکهاتبوو.

**٣-٧-١-٤ ڕاستگۆی تاقیکردنەوەکە، بەڕێگای ڕاستگۆی ڕواڵەتی (Face Validity):**

ڕەوایی یاخوت دەتوانین بڵێین ڕاستی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی تاقیکردنەوەیەکی باش. تاقیکردنەوەیەک ڕەوایە ئەگەر ئەو شتە بپێوێت کە بۆ پێوانەکردن داڕێژراوە (العساف، ١٩٨٩، ل ٢٩). دوای ئامادەکردنی برگەکان توێژەر تاقیکردنەوەکەیدا بە کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی تایبەت بەم بوارە وەک ڕێگەکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن هەروەک لە پاشکۆی (١) ئاماژەی پێکراوە کە تاقیکردنەوەکە وەک خۆی مایەوە واتا هەموو برگەکانی کە توێژەر دانابوو پێکهات بوو، کە (٣١) پرسیار (برگە) ڕەوایە بۆ پێوانەکردنی تەنها چەند هەڵەیەکی وردی وشەسازی هەبوو ڕاستکرایەوە، ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ ئەوەیە:

١- تاچەند برگەکان دەگونجێن لەگەل ئەم بوارە و فێرخوازەکان.

٢- لەڕوانگەی زانستی و زمانەوانی ڕەوایە برگەکان.

**٣-٧-١-٥-١ ڕێنمایەکانی تاقیکردنەوە (Test guidelines)**

توێژەر ڕێنمایی گشتی بۆ تەواوی تاقیکردنەوەکە پەرەپێدا، پاشان ڕێنماییەکانی بۆ هەر کارامەیەک بەجیا ڕوونکردەوە، لەگەڵ نموونەیەکی کاراکراو بۆ هەریەکەیان.

**٣-٧-١-٥-٢ جێگیری تاقیکردنەوەکە بەڕێگای دووبارە کردنەوە (Test-Retest):**

دوای بڕیاری پسپۆڕان تاقیکردنەوەی بەرایی (پێشەکی) ئەزموونی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە شێوە سەرەتاییەکەیدا دوای ئەوەی توێژەر لە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی ئەزموونی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە تەواو بوو، ئەزموونەکە لەسەر نموونەیەکی بەرایی جیاواز لە نموونەی سەرەکی توێژینەوەکە جێبەجێکرا کە پێکهاتبوو لە (٥٠) فێرخوازی کچ لە پۆلی حەفتەم لە قوتابخانەی (دواناوەندی پیرزینی کچان) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/٢٩ ڕۆژی یەکشەم دوای نزیکەی دوو هەفتە تاقیکردنەوەکە لەسەر هەمان ژمارەی فێرخواز بە ڕێگەی دووبارەکردنەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١٠/١٢ بۆ جێگیری بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بەڕێگەی یەکەم، تاقیکردنەوەی بەرایی بە سەرپەرشتی توێژەر و بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و مامۆستای بابەتەکە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە جێبەجێکرا. تێکڕای ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی دەرهێنا، پاشان هاوکاری هاوبەستەیی پیرسۆنی جێبەجێکرد کە بەهاکەی (٠،٥٦) بوو. ئەمەش گەورەترە لە بەهای هاوکاری هاوبەستەیی پیرسۆنی خشتەیی کە (٠،٢٧) بوو لە پلەی ئازادی (٤٨). ئەمەش مانای وایە کە پەیوەندییەکی هاوبەستەیی ڕاستەوانە و مامناوەند هەیە لەنێوان هەردوو تاقیکردنەوەکەدا. لە خشتەی (٥) ڕوونکراوەتەوە بەم شێوەیە توێژەر لە جێگیری تاقیکردنەوەکە دڵنیا بوو، بەمەش تاقیکردنەوەکە ئامادە دەبێت بۆ جێبەجێکردن لەسەر نموونەی سەرەکی بە شێوەی کۆتایی کە پێکهاتووە لە (٢٩) بڕگە لەگەڵ سێ بژاردەدا. مەبەست لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەرایی:

١- بۆ ئەوەی ڕادەی ڕوونی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بزانێت توێژەر.
٢- لەسەر نموونەیەکی گەورەتر دووبارە تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدات
٣-ژمارکردنی هاوکۆلکەی جیاکاری بدۆزێتەوە بۆ بڕگەکان.

**خشتەی (٥) جێگیری تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە**

| تاقیکردنەوە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | ژمارە | بەهای ڕێژەی پەیوستی پێرسۆن: هەژمار کراو | بەهای ڕێژەی پەیوستی پێرسۆن: خشتەی |
|---|---|---|---|---|---|
| تاقیکردنەوەی1 | 77.32 | 4.679 | 50 | 0.56 | 0.27 (48) |
| تاقیکردنەوەی 2 | 79.16 | 4.487 | 50 | | |

**٣-٨- تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە**

بۆ دڵنیابوون لە تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە، توێژەر ڕاپرسی جێبەجێیکرد لەسەر نموونەیەکی گەورەتر، پێکهاتوو لە (١٥٠) خوێندکاری کچ. دوای کۆکردنەوەی داتاکان و پۆلێنکردن و ڕێکخستنیان بە شێوەیەکی دابەزیو، ڕێژەی (٢٧٪) وەرگیرا وەک دوو گرووپی سەرەوە و خوارەوە، بە (٤١) خوێندکار بۆ هەر گرووپێک بۆ دڵنیابوون لە تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

**٣-٨-١ هێزی جیاکاری (Discrimination Power):**

توێژەر تێکڕای ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ ئەندامانی هەردوو گرووپی سەرەوە و خوارەوە دەرهێنا، پاشان

تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ جێبەجێکرد لە هەر بڕگەیەکدا (بڕوانە پاشکۆی ٢). بەهای تائی هەژمارکراو لە هەر بڕگەیەک گەورەتر بوو لە بەهای خشتەیی کە (١،٩٩) بوو لە ئاستی گرنگیدانی (٠،٠٥) و پلەی ئازادی (٨٠). ئەمەش مانای وایە کە بڕگەکان جیاکەرەوە بوون، جگە لە دوو بڕگە (١٧ و ٢١) کە بەهای تائی ژمێردراو بۆیان کەمتر بوو لە بەهای تائی خشتەیی، بۆیە لە تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی دواتردا لابران.

**خشتەی(٥) ئەنجامەکانی هێزی جیاکاری بۆ**

**هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە**

| بڕگەکان | گروپەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای تائی: هەژمارکراو | بەهای تائی: خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ف1 | سەرو | 41 | 2.61 | 0.54 | 2.452 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.27 | 0.71 | | | |
| ف2 | سەرو | 41 | 2.83 | 0.44 | 3.338 | (1.99) | دال |
| | خوارو | 41 | 2.34 | 0.82 | | (0.05) | |
| ف3 | سەرو | 41 | 2.73 | 0.50 | 3.124 | (80) | دال |
| | خوارو | 41 | 2.27 | 0.81 | | | |
| ف4 | سەرو | 41 | 2.93 | 0.26 | 3.961 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.44 | 0.74 | | | |
| ف5 | سەرو | 41 | 2.71 | 0.51 | 3.824 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.17 | 0.74 | | | |
| ف6 | سەرو | 41 | 2.78 | 0.52 | 3.233 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.34 | 0.69 | | | |
| ف7 | سەرو | 41 | 2.44 | 0.78 | 2.851 | | دال |
| | خوارو | 41 | 1.95 | 0.77 | | | |
| ف8 | سەرو | 41 | 2.95 | 0.22 | 2.864 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.66 | 0.62 | | | |
| ف9 | سەرو | 41 | 2.88 | 0.40 | 2.309 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.61 | 0.63 | | | |
| ف10 | سەرو | 41 | 2.88 | 0.33 | 3.331 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.44 | 0.78 | | | |
| ف11 | سەرو | 41 | 2.90 | 0.30 | 2.727 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.56 | 0.74 | | | |
| ف12 | سەرو | 41 | 2.88 | 0.40 | 3.386 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.46 | 0.67 | | | |
| ف13 | سەرو | 41 | 2.83 | 0.50 | 2.469 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.46 | 0.81 | | | |
| ف14 | سەرو | 41 | 2.44 | 0.74 | 2.092 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.10 | 0.74 | | | |
| ف15 | سەرو | 41 | 2.80 | 0.46 | 2.105 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.54 | 0.67 | | | |
| ف16 | سەرو | 41 | 2.95 | 0.31 | 3.168 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.54 | 0.78 | | | |
| ف17 | سەرو | 41 | 2.98 | 0.16 | 1.019 | | غیردال |
| | خوارو | 41 | 2.93 | 0.26 | | | |
| ف18 | سەرو | 41 | 2.93 | 0.26 | 5.047 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.39 | 0.63 | | | |
| ف19 | سەرو | 41 | 2.76 | 0.54 | 3.786 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.20 | 0.78 | | | |
| ف20 | سەرو | 41 | 2.76 | 0.66 | 2.960 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.24 | 0.89 | | | |
| ف21 | سەرو | 41 | 2.98 | 0.16 | 1.291 | | غیردال |
| | خوارو | 41 | 2.88 | 0.46 | | | |
| ف22 | سەرو | 41 | 2.76 | 0.58 | 3.088 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.24 | 0.89 | | | |
| ف23 | سەرو | 41 | 2.76 | 0.58 | 2.363 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.39 | 0.80 | | | |
| ف24 | سەرو | 41 | 2.85 | 0.42 | 4.041 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.29 | 0.78 | | | |
| ف25 | سەرو | 41 | 2.66 | 0.66 | 3.454 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.05 | 0.92 | | | |
| ف26 | سەرو | 41 | 2.78 | 0.42 | 2.270 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.49 | 0.71 | | | |
| ف27 | سەرو | 41 | 2.66 | 0.69 | 2.614 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.22 | 0.82 | | | |
| ف28 | سەرو | 41 | 2.44 | 0.87 | 3.148 | | دال |
| | خوارو | 41 | 1.80 | 0.95 | | | |
| ف29 | سەرو | 41 | 2.76 | 0.54 | 2.092 | | دال |
| | خوارو | 41 | 2.44 | 0.81 | | | |

### ٣-٨-٢ پەیوەندی بڕگە بە بوار وتاقیکردنەوە بە گشتی

لە داتاکانی نموونەی ڕاپرسی، توێژەر تێکڕای ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ هەر بڕگەیەک و هەروەها بۆ کۆی گشتی دەرهێنا. پاشان هاوکێشەی هاوبەستەیی پیرسۆنی بەکارهێنا لەنێوان بڕگە و بوار لە لایەکەوە، و بڕگە و پێوەر بە گشتی لە لایەکی ترەوە، ئەنجامەکانی لە پاشکۆی (٣)دا خستەڕوو. بەهای هاوکاری هاوبەستەیی پیرسۆنی هەژمارکراو لەنێوان بڕگە و بوارەکەی لە لایەکەوە و بڕگە و پێوەر بە گشتی لە لایەکی ترەوە، گەورەتر بوو لە بەهای هاوکاری هاوبەستەیی پیرسۆنی لە خشتەیی، کە (٠،١٥) بوو لە پلەی ئازادی (٨٠). ئەمەش مانای ئەوەیە پەیوەندییەکی هاوبەستەیی هەیە لەنێوان بڕگە و بوارەکەی و بڕگە و پێوەر بە گشتی.

**خشتەی (٦) پەیوەندی برگە بە بوار و بە پێوەر بە گشتی**

| برگەکان | ژمارە | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری | بەهای هاوکێشەی پەیوەست بوونی پیرسون — هەژمارکردنی پەیوەندی برگە: بەبوار | بەپێوەر | خشتەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ف1 | 150 | 2.48 | 0.632 | 0.462 | 0.192 | 0.15 (0.05) (148) |
| ف2 | 150 | 2.69 | 0.645 | 0.582 | 0.339 | |
| ف3 | 150 | 2.44 | 0.755 | 0.498 | 0.259 | |
| ف4 | 150 | 2.70 | 0.565 | 0.320 | 0.376 | |
| ف5 | 150 | 2.43 | 0.699 | 0.410 | 0.192 | |
| ف6 | 150 | 2.63 | 0.630 | 0.420 | 0.242 | |
| ف7 | 150 | 2.09 | 0.827 | 0.529 | 0.200 | |
| ف8 | 150 | 2.87 | 0.389 | 0.259 | 0.297 | |
| ف9 | 150 | 2.76 | 0.564 | 0.432 | 0.277 | |
| ف10 | 150 | 2.65 | 0.613 | 0.466 | 0.359 | |
| ف11 | 150 | 2.77 | 0.549 | 0.550 | 0.362 | |
| ف12 | 150 | 2.69 | 0.545 | 0.508 | 0.404 | |
| ف13 | 150 | 2.69 | 0.655 | 0.412 | 0.339 | |
| ف14 | 150 | 2.23 | 0.806 | 0.594 | 0.192 | |
| ف15 | 150 | 2.67 | 0.564 | 0.478 | 0.247 | |
| ف16 | 150 | 2.74 | 0.639 | 0.381 | 0.179 | |
| ف17 | دورخراوە | | | | | |
| ف18 | 150 | 2.65 | 0.533 | 0.438 | 0.399 | |
| ف19 | 150 | 2.53 | 0.672 | 0.447 | 0.354 | |
| ف20 | 150 | 2.50 | 0.792 | 0.499 | 0.234 | |
| ف21 | دورخراوە | | | | | |
| ف22 | 150 | 2.59 | 0.734 | 0.578 | 0.234 | |
| ف23 | 150 | 2.61 | 0.693 | 0.399 | 0.215 | |
| ف24 | 150 | 2.67 | 0.608 | 0.441 | 0.386 | |
| ف25 | 150 | 2.39 | 0.850 | 0.457 | 0.272 | |
| ف26 | 150 | 2.63 | 0.595 | 0.348 | 0.268 | |
| ف27 | 150 | 2.53 | 0.757 | 0.563 | 0.272 | |
| ف28 | 150 | 2.20 | 0.920 | 0.492 | 0.292 | |
| ف29 | 150 | 2.57 | 0.709 | 0.416 | 0.248 | |
| بواری 1 | 150 | 15.37 | 1.774 | | | |
| بواری 2 | 150 | 15.83 | 1.646 | | | |
| بواری 3 | 150 | 12.98 | 1.495 | | | |
| بواری 4 | 150 | 12.91 | 1.664 | | | |
| بواری 5 | 150 | 12.32 | 1.770 | | | |
| گشتی | 150 | 69.41 | 4.974 | | | |

### ٣-٨-٣ جێگیری تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بە ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ:

بۆ دڵنیابوون لە جێگیری تاقیکردنەوەکە توێژەر ڕێگەی دووەمی بەکارهێنا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (الفا- کرونباخ)، لە داتاکانی نموونەی ڕاپرسی، توێژەر جیاوازی هەر برگەیەک و پاشان جیاوازی گشتی کۆمەڵەکەی دەرهێنا. دواتر هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخی جێبەجێکرد، کە بەهای جێگیری (٠،٧٢٢) بوو، ئەمەش بەهایەکی ئاماری پەسەندکراوە بڕوانە خشتەی (٧). ڕێگەی یەکەم بەهای هاوکاری هاوبەستەیی پیرسۆنی بەکارهێندرا لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە بۆ جێگیری بڕگەکان.

**خشتەی (٧)جێگیری تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بە ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ**


| برگەکان | جیاکردنەوە (التباين) | برگەکان | جیاکردنەوە (التباين) | بەهای هاوکۆلکەی الفا |
|---|---|---|---|---|
| ف1 | 0.422 | ف16 | 0.390 | 0.722 |
| ف2 | 0.493 | ف18 | 0.302 | |
| ف3 | 0.500 | ف19 | 0.524 | |
| ف4 | 0.367 | ف20 | 0.673 | |
| ف5 | 0.472 | ف22 | 0.623 | |
| ف6 | 0.422 | ف23 | 0.519 | |
| ف7 | 0.653 | ف24 | 0.470 | |
| ف8 | 0.233 | ف25 | 0.725 | |
| ف9 | 0.292 | ف26 | 0.358 | |
| ف10 | 0.400 | ف27 | 0.620 | |
| ف11 | 0.347 | ف28 | 0.923 | |
| ف12 | 0.347 | ف29 | 0.490 | |
| ف13 | 0.478 | الكلي | 12.961 | |
| ف14 | 0.569 | تباين المجموع | 42.477 | |
| ف15 | 0.347 | | | |

## ٤. خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنیان
## (Presentation of Research Results and Their Discussion)

**ئەنجامی تایبەت بە گریمانەی سفری:**

**"هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری لە ئاستی (٠.٠٥) لەنێوان ناوەندی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای فێرخوازانی کچی گروپی ئەزموونی کە بە ستراتیژی فێرکردنی هاوبەش خوێندوویانە و فێرخوازانی کچی گروپی کۆنترۆڵ، کە بە ڕێگەی ئاسایی خوێندوویانە، بوونی نییە. "**

بۆ دڵنیابوون لەم گریمانەیە، توێژەر ناوەندەژمێرەیی بۆ تاقیکردنەوەی پێش و پاشی و جیاوازی نێوانیان دەرهێنا، هەروەها لادانی پێوەری بۆ پەرەپێدان (جیاوازی) لە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەنێوان فێرخوازانی کچی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵ ژمارد، بڕوانە شێوەی (٤)، پاشان تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ جێبەجێ کرد و ئەنجامەکانی لە خشتەی (٨) دا خستە ڕوو.




**شێوەی (5) داتاکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ ئەندامانی هەردوو گروپ**

**خشتەی (٨) تاقیکردنەوەی (t) بۆ ناوەندی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای**

**ئەندامانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵ پیشان دەدات**

| گرووپەکان | ژمارەی فێرخواز | ناوەندی ژمێرەی بۆ کارامەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە | | | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | قەبارەی کاریگەری $\eta^2$ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێشەکی | پاشەکی | جیاوازی | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| ئەزموونی | 33 | 65.97 | 72.73 | 6.76 | 3.72 | 2.69 | 1.99 (0.05) (66) | 0.09 |
| کۆنترۆڵ | 35 | 65.06 | 68.63 | 3.57 | 5.74 | | | |

لە خشتەی (٨) دەردەکەوێت گروپی ئەزموونی ناوەندەژمێرەی پێشەکی (٦٥.٩٧) وە ناوەندەژمێرەی پاشەکی (٧٢.٧٣) کە جیاوازی نێوانیان (٦.٦٧) کە لادانی پێوەری (٣.٧٢)، بەڵام گروپی کۆنترۆڵ ناوەندی ژمێرەی پێشەکی (٦٥.٠٦) وەناوەندە ژمێرەی پاشەکی (٦٨.٦٣) کە جیاوازی نێوانیان (٣.٥٧) وە لادانی پێوەری (٥.٧٤) بەهای (t)ی هەژمارکراوە گەیشتۆتە (٢. ٦٩) کە گەورەترە لە بەهای (t)ی خشتەیی کە (١. ٩٩)ە لە ئاستی بەڵگەداری (٠. ٠٥) و پلەی ئازادی (٦٦)، بەم شێوەیە گریمانەی سفری ڕەتدەکرێتەوە و جێگرەکەی قبوڵ دەکرێت. کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان ناوەندی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای فێرخوازانی کچی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵ، لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونییە، بە قەبارەی کاریگەرییەکی مامناوەند کە گەیشتۆتە (٠.٠٩).

**توێژەر ئەم ئەنجامەی بەم شێوەیە راڤەکرد ستراتیژی فێرکردنی هاوبەش ڕۆڵی هەبووە لە لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵ لە پێشەکی و و پاشەکی:**

١. ئەنجامەکان دەری دەخەن ئەو فێرخوازانەی ستراتیژی فێرکردنی هاوبەش بەکاردەهێنن بۆ فێربوون، پێشکەوتنی زیاتریان بەدەستهێناوە لە تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا بە بەراورد بەو فێرخوازانەی بە شێوازی ئاسایی فێربوون، کەوایە ئەم ستراتیژە یارمەتی فێرخوازان دەدات بە قووڵی بیربکەنەوە و زانیاری باشتر شی بکەنەوە.

٢- فێربوونی قووڵتر و بەردەوامتر: ئەو فێرخوازانەی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی بەشداری لە فێربووندا دەکات، باشتر توانای ئەوەی هەیە زانیارییەکان بپارێزێت و لە ڕوانگەیەکی فرەلایەنەوە لێی تێبگات، بە بەراورد بە لەبیرکردنی تاکەکەسی بە بەکارهێنانی شێوازە تەقلیدییەکان.

٣- بەرزکردنەوەی توانای چارەسەرکردنی کێشەکان: بیرکردنەوەی ڕەخنەیی یارمەتی فێرخوازەکان دەدات لە هەموو گۆشەنیگایەکەوە کێشەیەک شیبکاتەوە و گونجاوترین چارەسەر هەڵبژێرێت لەبری ئەوەی پشت بە پێشبینی یان لاسایی بیرکردنەوەی بێ بنەما ببەستێت، ئەمەش وایان لێدەکات کارامەتر بن (هۆشیارتربن) لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاستەنگەکانی ژیاندا بکەن.

٤-پەرەپێدانی سەربەخۆیی لە فێربووندا: ئەو فێرخوازانەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوە پشت بەخۆی دەبەستێت و کەمتر وابەستەی (پەیوەست) بە مامۆستا دەبێت، ئەمەش متمانەی بەخۆی بەرز دەکاتەوە و دەیکاتە فێرخوازێکی چالاک و هۆشیار.

## ٥-دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان:

### ٥-١ دەرئەنجام (Conclusions)

توێژەر لەبەر ڕۆشنایەکی ورد دوای کردارەکان و ئەنجامەکان ئەم دەرئەنجامانەی دیاری کرد.

- دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان بۆ ئەم ستراتیژیەتە نوێیانە تاکو ئامانجەکەت بەدەست بهێنی، بۆیە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەری دەخەن ستراتیژی فێرکردنی هاوبەش ((یەک مامۆستا فێردەکات، یەکێکی تر یارمەتیدەدات)) کاریگەرییەکی باشی هەبووە لەسەر فێربوونی فێرخوازەکان لە وانەی زانست بە بەرانبەر بە فێربوونی ئاسایی (تقلیدی).

- وانەوتنەوە بە پێی ستراتیژی فێرکردنی هاوبەش بووە هۆکار بۆ زیادکردنی ئارەزووی فێرخوازەکان کە ڕۆژانە هەستی پێدەکرا ئەویش بۆ بەشداری و گفتوگۆ لە کاتی وانەکاندا، هەروەها چەمکە ناڕوونەکان بەرەو تێگەیشتن دەچوو بەهۆی بیرو بۆچوونیان، ئەمەش کاریگەری هەبوو لە زیادبوونی چالاکی زانستی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیان.

-بەهۆی فێرکردنی فێرخواز لە بەکارهێنانی کارامەیەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ئاستی تێگەیشتن بەرز دەکاتەوە.

### ٥-٢ ڕاسپاردە (Recommendations)

بەهۆی ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوە، توێژەر هەندێک ڕاسپاردەی خستە ڕوو وەک ئاڕاستەیەک بۆ کەسانی بەرپرس لە بواری پەروەردە بەگشتی، پسپۆڕانی ڕێگەکانی وانەوتنەوە بەتایبەتی بابەتی زانست.

- بواری بەکارهێنانی فێرکردنی هاوبەش فراوان بکرێت : بەپێی ئەنجامەکان، پێشنیار دەکرێت بەکارهێنان و جێبەجێکردنی ستراتیژەکانی فێرکردنی هاوبەش لە بوارە زانستییە جیاوازەکان و قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن بەکاربهێندرێت

- توێژینەوەی زیاتر بکرێت لەسەر جۆرەکانی تر لە فێرکردنی هاوبەش بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر لەسەر کاریگەریەکەی.

### ٥-٣ پێشنیار (Suggestions)

توێژەر چەند پێشنیارێکی خستە ڕوو سودی هەبێت لە داهاتوو

- شێوازی هەڵسەنگاندن لە سەر یەک ڕێڕەو بگۆردرێت بۆ شێوازی هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆر بۆ پێوانەکردنی فێرخوا.

- لێکۆڵینەوەی زیاتر بکرێت لەسەر فێرکردنی هاوبەش بۆ هەردوو ڕەگەز وە لە قۆناغی جیاواز و بەکارهێنانی گفتوگۆ و کاری گروپ کردن چۆنیەتی تێگەیشتنی چمکە زانستیەکان وبیری داهێنەرانە.

- تێکەڵکردنی تەکنۆلۆژیا لەگەڵ توێژینەوەکان دەورێکی ئەرێنی دەگێرێت هەندێک ژینگەی قوتابخانە تێچوی زۆری دەوێت، بەڵام مامۆستا دەتوانێت لەرێگای یەک ئامێری خودی خۆی کارەکە سەرنج ڕاکێش و کاریگەر بکات.

## ٦- سەرچاوەکان (References)


-عزیز، عزالدین احمد، (٢٠١٨). **دەروازەیەک بۆ دەروونزانی پەروەردەی**، چاپی یەکەم، کۆلێژی پەروەردە-زانکۆی سەلاحدین-هەولێر.

-کریم، ئالان پشتیوان (٢٠١٤). بەکارهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی زارەکی بە پێی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی و کاریگەرییەکەی لەسەر بەدەستهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی نووسراو و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، هەولێر-هەرێمی کوردستانی عێراق.

– أبو غزال، عاصم علي( ٢٠١٥). **أثر استخدام استراتيجيات التعليم التشاركي على تحصيل طلبة الصف السابع في مبحث التربية الإسلامية في لواء بني كنانة**، رسالة ماجستير، كلية التربيه، جامعة أسيوط.

– ابراهيم، السعيد مبروك، (٢٠١٩). **استراتيجيات التعليم في العصر الرقمي التعلم المقلوب والتعلم التشاركي نموذج مؤسسة الباحث للاستشارات البحثية**، دون مكان الطبع.

– أبوجادو، صالح محمد علي ونوفل، محمد بكر (2007) تعليم التفكير: النظرية والتطبيق.

– الجعافرة، عبد السلام. (٢٠١٣). **التربية والتعليم بين الماضي والحاضر**، ط١، عمان: مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع.

– جواد، مهدي، محمد (2015) فاعلية استراتيجية الأحداث المتناقضة في التحصيل وتنمية التفكير الناقد لدى طلاب الصف الرابع العلمي في مادة الفيزياء.

– التميمي، عواد جاسم محمد، ، (٢٠٠٩). **المنهج وتحليل الكتاب**، بغداد، مطبعة دار حواء.

– التميمي، كريم مهدي إبراهيم (1995) أثر استخدام طريقة الاستكشاف الموجه في التحصيل وفي تنمية التفكير الناقد لطلاب الصف الخامس الثانوي في مادة الجغرافيا

– جابر، جابر عبدالمجيد، وكاظم، أحمد خيرى (١٩٧٣). **مناهج البحث في التربية وعلم النفس**. القاهرة: دار النهضة العربية.

– حسين، احمد عبدالواحد(٢٠١٨). **فاعلية التدريس بمهارات التفكير الناقد في تحصيل مادة علم الاحياء لدى طلاب الصف الرابع العلمي**، جامعةالقادسية-كلية التربية.

– الحلاق، علي سامي علي (2007) اللغة والتفكير الناقد: أسس نظرية واستراتيجيات تدريسية.

– دعمس، مصطفى نمر ( ٢٠٠٨ ). **استراتيجيات تطوير المناهج وأساليب التدريس الحديثة**، عمان : دار غيداء للنشر والتوزيعز

–الرميح، منال رميح و أبا حسين، وداد عبد الرحمن (٢٠١٩). **التدريس التشاركي دليل لمعلمي صعوبات التعلم ومعلمي التعليم العام.** مجلة كلية التربية: جامعة أسيوط – كلية التربية.

– زيتون، عايش(٢٠٠٤). **أساليب تدريس العلوم**، ط١، دار الشروق للنشر والتوزيع، رام الله

– السرور، نادية، (٢٠٠٥)، **تعليم التفكير من خلال المنهج المدرسي**، الأردن، دار وائل للنشر

– سعادة، جودت أحمد (2003) تدريس مهارات التفكير مع مئات الأمثلة التطبيقية.

– الشايب، عبد الحافظ (٢٠١٢)، **أسس البحث التربوي**، ط ٢، دار وائل للنشر والتوزيع، ، عمان الاردن.

– الطيب، محمد وشبل بدران وحسين الدريني وحسن البيلاوي وكمال نجيب (٢٠٠٥)، **مناهج البحث في العلوم التربوية والنفسية**، ط٣، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، مصر.

– عبدالسلام، سليمان سالَي (1982) كتيب اختبار التفكير الناقد. مكة المكرمة: كلية التربية، جامعة أم القرى.

–عبيدات، ذوقان، وسهيلة ابو السميد (٢٠٠٧) **استراتيجيات التدريس في القرن الحادي والعشرين**، ط١، دارالفكر ناشرون وموزعون، عمان، الاردن.

–العتوم، عدنان يوسف وآخرون (2007)تنمية مهارات التفكير: نماذج نظرية وتطبيقات عملية.

–العزاوي، رحيم يونس كرو (٢٠٠٨). **مقدمة في البحث العلمي**، ط١، مطبعة دجلة، عمان، الاردن.

– العساف، صالح بن حمد (١٩٨٩). **المدخل إلى البحث في العلوم السلوكية**، ط١، جامعة الإمام محمد بن مسعود الإسلامية، الرياض.

–عطاالله، مثيل كامل، (٢٠١٠). **طرق واساليب تدريس العلوم**، الطبعة الاولى، دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة. عمان -الأردن

– العليات، ميسون احمد (٢٠١٣). **أثر استراتيجية التعليم التشاركي في تحسين الاستيعاب القرائي لدى طلبة الصف التاسع الأساسي في محافظة المفرق واتجاهاتهم نحوها**، رسالة ماجستير، كلية التربيه، جامعة اليرموك.

– عليان، ربحي مصطفى. (٢٠٠١). **البحث العلمي:أسسه. مناهجهوأساليبه. إجراءاته**. عمان، الأردن، دار الأفكار الدوليةالمنهج.

– المطوق، هاني فايز ربيع، (٢٠١٣). **أثر استخدام إستراتيجية جيجسو (Jigsaw) في تنمية التفكير الناقد والاتجاه نحو العلوم لدى طلبة الصف الثامن بغزة**، كلية التربية، الجامعة الإسلامية- غزة، فلسطين.

– القواسمة، رشدي واخرون. (٢٠١٢). **مناهج البحث العلمي**، ط٣، عمان: جامعة القدس المفتوحة.

– مايرز، شيت (1993) تعليم الطلاب التفكير الناقد.

– مجمع اللغة العربية (٢٠٠١)، **المعجم الوجيز، وزارة** التربية والتعليم، **القاهرة، مصر.**

– مجيد، سوسن(٢٠٠٣). **تنمية مهارات التفكير الناقد ط٦**، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان ، الأردن.

– محمود، إبراهيم وجيه (1966) دراسة تجريبية للعوامل المساهمة في تحسين التفكير الناقد.

– المرعي، توفق أحمد و محمد محمود الحيلة (٢٠٠٧)، **طرائق التدريس العامة**، ط٣، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

-الهاشمي، عبدالله بن مسلم بن علي، و عيسى، عبدالرحمن الصغير محمد، (٢٠٢٠). **تقويم المكون التربوي لبرنامج اعداد المعلم اللغة العربية في كلية التربية بجامعة السلطان قابوس من وجهة نظر الخريجيين**، جامعة السلطان قابوس، مجلة الدراسات التربوية و النفسية، المجلد الرابع، العدد الاول.

-الهاشمي، عبدالرحمن، عطية، محسن علي (٢٠١٤)، **تحليل مضمون المناهج الدراسية**، ط٢، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان الاردن.

– عمر، محمود أحمد وآخرون (٢٠١٠): **القياس النفسي والتربوي**، دار المسيرة، ، عمان الاردن.

– يوسف، علي محمود( ٢٠٢٠). ***التعليم التشاركي****: مدخل لتطوير التدريس*، دار الفكر، عمان الاردن.

**Duke, T. (2007)** Problematizing collaboration: A critical review of the empirical literature on teaching teams**. Teacher Education and Special Education**, **27**(1), pp. 307–317.

**Friend, M. and Cook, L. (2010)**. Problematizing collaboration: A critical review of the empirical literature on teaching teams**. Teacher Education and Special Education**. 6th ed. Columbus, OH: Merrill.

***Glickman, D., Gordon, P. and Ross-Gordon, J. (2007)**. **Supervision and instructional leadership: A developmental approach**. Boston, MA: Pearson Education.

***Gokhale, A. A. (1995)**. **Collaborative Learning Enhances Critical Thinking**. *Journal of Technology Education*, **7**(1), pp. 22–30.

***Kelly, I. (2011). High School Co-Teachers Definitions and Perceptions of Successful Co-Teaching: A Study in Alabama, Georgia, Mississippi and Texas**. PhD dissertation, University of West Georgia.

***Sitton, J. (2019)**. *An examination of co-teacher's instructional practices and social validity following participation in professional development*. Graduate Plan B and other Reports. Utah State University. Available at:

## پاشکۆی ژمارە (١) ناوی بەشێک لە شارەزایان و پسپۆڕان

| ژمارە | پلەی ئەکادیمی و ناو | پسپۆڕان | شوێنی کارکردنیان |
|---|---|---|---|
| 1 | پ.د سلوی احمد امین | پێوانەو هەڵسەنگاندن | زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 2 | پ.دجواد نعمت حسین | ڕێگاکانی وانە وتنەوە | زانکۆی سلێمانی/کۆلیژی پەروەردە |
| 3 | پ.ی.د.سامان محسین | ڕێگاکانی وانە وتنەوە-بایلۆجی | زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر کۆلیژی پەروەردە |
| 4 | د.ازهار علی حسین | ڕێگاکانی وانە وتنەوە | زانکۆی زاخۆ/ کۆلیژی پەروەردە |
| 5 | د.فرهاد علی مصطفی | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر/کۆلیژی پەروەردەی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان |
| 6 | د.بان نوري یحیی | دەروون ناسی پەروەردەی | زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر/پەروەردەی بنەڕەتی |
| 7 | د.محمد محی الدین الجباري | پێوانەو هەڵسەنگاندن | زانکۆی سەلاحدین-هەولێر /کۆلیژی پەروەردە |
| 8 | پ.ی.د.اشقی سلیمان حسۆ | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی |
|  | د.مریوان محمد صالح | تەکنەلۆجیای پەروەردەی | زانکۆی گەرمیان/کۆلیژی پەروەردە |
| 10 | پ.د.حسین سعدی ابراهیم | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر |
| 11 | پ.ی.د.کوردستان حمید محمد | ڕێگاکانی وانەوتنەوە-فیزیا | زانکۆی پۆلی تکنیکی گەرمیان |
| 12 | د.سناء احمد علي | دەروون ناسی پەروەردەی | زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر /پەروەردەی بنەڕەتی |
| 13 | پ.ی.د.حمید عبدالله صالح | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر /پەروەردەی بنەڕەتی |
| 14 | د.هاوزین محمود عزیز | دەروون ناسی کۆمەڵایەتی | زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر /پەروەردەی بنەڕەتی |

# فاعلية التعليم التشاركي على تنمية مهارات التفكير النقدي لدى طالبات الصف السابع الأساسي

**بێخاڵ توفيق بكر**
قسم العلوم العامة، كلية التربية الأساسية،
جامعة صلاح الدين–أربيل، أقليم كوردستان، العراق.
Bekhaltofiq85@gmail. com

**وعد محمدنجاة صبرى**
قسم العلوم العامة، كلية التربية الأساسية،
جامعة صلاح الدين–أربيل، أقليم كوردستان، العراق.
waad.najat@su.edu.krd

**الملخص**

هدفت الدراسة إلى دراسة فاعلية التعليم التشاركي على طالبات الصف السابع الأساسي في مادة العلوم للجميع وتنمية مهارات التفكير النقدي لديهن. وُضعت فرضية صفرية لمقارنة المجموعتين التجريبية والضابطة في مهارات التفكير النقدي. أُجري البحث في مدارس محافظة أربيل خلال العام الدراسي( ٢٠٢٤–٢٠٢٥). اعتمدت الباحثة تصميمًا تجريبيًا، حيث درست المجموعة التجريبية باستخدام أسلوب التعليم التشاركي، بينما اتبعت المجموعة الضابطة أسلوب التدريس التقليدي. تكونت عينة البحث من (٦٨) طالبات (٣٣ في المجموعة التجريبية و٣٥ في المجموعة الضابطة). وتمت مطابقة المجموعتين بناءً على عدة متغيرات، منها( العمر بالأشهر، ومستوى الذكاء، ومجموع الدرجات في العام السابق، ودرجات الصف السادس في مادة العلوم للجميع، والمستوى التعليمي للوالدين). طورت الباحثة اختبارًا للتفكير النقدي يتكون من( ٢٩) فقرة بثلاثة خيارات للإجابة، وتحققت من صدقه وثباته وقدرته التمييزية. وأُعدّت خطط تدريس متعددة لكلتا المجموعتين. أُجريت التجربة في الفترة من( ٢٣ أكتوبر ٢٠٢٤ إلى ٢٣ ديسمبر ٢٠٢٤). بعد تطبيق الاختبار على العينة الرئيسية بمساعدة معلمي المدرستين، جُمعت البيانات وحللت إحصائيًا باستخدام الأدوات الإحصائية المناسبة من خلال برنامج SPSS. أظهرت النتائج وجود فرق ذي دلالة إحصائية بين متوسطي درجات المجموعتين في تنمية مهارات التفكير النقدي، لصالح المجموعة التجريبية. وبناءً على هذه النتائج، قدمت الباحثة العديد من الاستنتاجات والتوصيات والمقترحات لبحوث مستقبلية في هذا المجال.

**الكلمات المفتاحية:** التعليم التشاركي، للتفكير النقدي، الصف السابع.

# The Effectiveness of Collaborative Teaching on Developing Critical Thinking among Seventh-Grade Female Students

**Bekhal Tawfeeq Baker**
Department of General Science, College of Basic Education, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Bekhaltofiq85@gmail. com

**Waad Mohammed Najat Sabri**
Department of General Science, College of Basic Education, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq
waad.najat@su.edu.krd

**Abstract**

The study aimed to investigate the Effectiveness of Collaborative Teaching on seventh-grade female students in the Science for All subject and the development of critical thinking skills. A null hypothesis was developed to compare the experimental and control groups in critical thinking skills. The study was implemented in schools in Erbil Governorate for the( 2024-2025 )academic year.

The researcher used an experimental design, where the experimental group studied using Collaborative Teaching, while the control group studied using the traditional method. The study sample consisted of( 68) female students (33 in the experimental group and 35 in the control group). Equivalence was achieved between the two groups on several variables, including age in months, intelligence, total score for the previous year, sixth-grade science grades, and parents' education level. The researcher developed a critical thinking test consisting of (29) items with three answer alternatives, and verified its validity, reliability, and discriminatory ability. The experiment ran from (October 23, 2024, to December 23, 2024). After administering the test and analyzing the data using SPSS, the results revealed statistically significant differences in the development of critical thinking skills in favor of the experimental group. In light of these findings, the study presented a set of conclusions, recommendations, and proposals for future research.

**Key words**: Collaborative Teaching, critical thinking, seventh-grade female.